ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
87
10 ی تەمووز / جولای 2024

## مووچە و کەرامەت!



**موحسین کەریم**

لەمیانەی گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ مەسرور بارزانیدا لە سلێمانی، لەلایەن چەند بەشداربوویەکەوە پرسیاری ئەوەی لێکرا کە بۆچی مووچە نادەن بە خەڵک و دوای دەخەن!؟ خەڵک زۆر هەژارە. کێشەی سەرەکی خەڵک مووچەیە. ئایا خۆتان دەتوانن دوو مانگ بێموچە بژین!؟ بۆچی دەبێ ئێمە بەدوای مووچەدا رابکەین!

لەوەڵامدا مەسرور بارزانی وتی کە مووچە بەدەستی ئەو نیە، ئەگەر بەدەستی ئەو بوایە یەک رۆژ دوای نەدەخست!؟ بەڵکو خەتاکەی خستە ئەستۆی حکومەتی بەغدا کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیان بڕیوە. ئاماژەی بەوەش کرد کە هەندێ لایەن، لەململانێیەکی ناشەریفانەدا، بۆ بەرژەوەندی حزبی و شەخسی، بۆ دژایەتی ئەو و حزبەکەی داوایان دەکرد مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم رادەستی حکومەتی بەغدا بکرێ و بەغدا هەموو شتێکی هەرێم کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئێستا کە بەغدا مووچە نانێرێت، بێدەنگەیان لێکردوە. بۆچی کەسێک پرسیار لەوان ناکات.!؟ هەروەها وتی کێشەی ئێمە کێشەی خاک و نەتەوەیە نەک مووچە، مووچە بەبێ کەرامەت و بەبێ خاک هیچ نرخێکی نیە!

ئەم قسانەی مەسرور بارزانی لە سێ لایەنەوە هەڵدەگرێ لەسەری قسە بکەین. یەکەم: ئەوەی کە

بۆ لاپەڕە ٢

## ئایا هەڵبژاردن "قەوارەی هەرێم" لەقەیرانەکانی ئێستای دەربازدەکات؟



**خەسرەو سایە**

لاپەڕە ٣

## پەیوەندی هەولێر و تاران!



**عوسمان حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٥

## هۆکار و ئامانجی سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا!!



**عەبدوڵا مەحمود**

بۆ لاپەڕە ٧



**دەشتی جەمال**

## هۆکاری سەرکەوتنی حزبە راست و نەتەوەپەرستەکانی ئەوروپا بۆ پەرلەمانی ئەوروپا!

بۆ لاپەڕە ٩

بەیاننامەی حزب دەربارەی هێرشی تورکیا ............................ لاپەڕە ٨
کار یان بیمەی بێکاری!! وەستا مەهدی.. ........................ ..... لاپەڕە ١١
ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی دەربارەی دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان.. لاپەڕە ١٢
عێراق لە پرۆسەی سەردەمێکی نوێدا عوسمانی حاجی مارف........لاپەڕە ١٣
هەڵبژاردنەکانی ئێران و پەیامەکانی! نوری بەشیر.... .............لاپەڕە ١٥
زیندانێکی گەورە بۆ قوربانیەکان! جەمال موحسین.................. لاپەڕە ١٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......... مووچەو کەرامەت!

دەڵێ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەدەستی ئەو نیە و بەدەست بەغدایە، بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێت کە حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە بەغدا تەنها کارتۆنێکەو هیچی تر، چونکە تەنانەت مافی ئەوەی نیە کە بەرپرس بێت لە دانی مووچەی کارمەندەکانی خۆی. ئەگەر حکومەتێک مافی دانی مووچەی فەرمانبەران و کارمەندانی خۆی نەبێ، ئیتر کامەیە سەلاحیەت و دەسەلاتەکانی!؟ پێگەی لە پێکهاتەی دەسەڵات و فەرمانڕەواییدا چیە لە کوردستان و عێراقدا!؟

دووەم: ئەوەی کە خەتای بڕینی مووچە لەلایەن بەغداوە دەخاتە ئەستۆی چەند لایەنی دیکە، وەکو ئەوەی لەسەر داوای ئەوان حکومەتی عێراق مووچەی فەرمانبەرانی بڕیبێت، تەنها بۆ خۆدەربازکردنە لە بەرپرسیارێتی و فڕێدانی خەتایە بۆسەرشانی خەڵکی دیکە. وەکو چۆن دەڵێ خەتای بەغدایە کە مووچە نانێرێت! گومان لەوەدا نیە کە ئەو هێزو لایەنانەی مەسرور بارزانی ناویان ناهێنێ، وەکو یەکێتی و نەوەی نوێ ئیسلامیەکان ...، لە ململانێی خۆیاندا لەگەڵ پارتیدا کە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی بەدەستەوەیە، بەشێوەیەکی هەلپەرستانە و چەواشەکارانە ئەو خۆشخەیاڵیەیان بڵاودەکردەوە کە ئەگەر پرسی بودجە و مووچە بگەڕێتەوە بۆژێردەستی حکومەتی ناوەند، کێشەی مووچە و گرفتە داراییەکانی چارەسەر دەبن، بەڵام دەکرێ مەسرور بارزانی چی بیانوویەک و پاکانەیەک بهێنێتەوە بۆئەو چەند ساڵەی کە داهاتی کوردستان بە داهاتی فرۆشتنی نەوت و گومرگ و باج و ...تد. لەدەستی ئەواندا بووە، بەڵام لەساڵێکدا تەنها چەند مانگێک مووچەیان بە فەرمانبەران دەدا، یاخود بۆماوەی چەندساڵ چارەکەمووچەو نیومووچەیان بە مووچەخۆرانی هەرێم دەدا!؟ ئایا ئەوکاتەش هەر لایەنە رکابەرەکانی پارتی بوون کە بوونە هۆکاری بڕینی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و مووچەخۆرانی هەرێم!؟

سێهەم: مەسروربارزانی کە خۆی و خێزانەکەی و بنەماڵەکەی بە ملیارەها دۆلاریان لەسەر حسابی قوتی خەڵکی کوردستان بۆخۆیان کۆکردۆتەوە، پێیان شەرم نیە کە ساتوسەودا لەسەر "خاک و نەتەوە" بکەن و دەستتێکەڵی دەوڵەتانی کۆنەپەرست و ئینسانکوژی وەکو بەعس و تورکیاو ئێران بکەن، لەسەر حسابی ژیان و ئەمنیەت و ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستانی عێراق و "برای خوێن" و "هاونەتەوەکانیان" لە کوردستانی ئێران و تورکیا، کەچی کاتێک فەرمانبەرێک و کرێکارێک و موچەخۆرێک ، کە تەنها سەرچاوەی ژیانی ئەو مووچە ناچیزەیە کە وەری دەگرێت، باسی مووچەکەی بکات، لەبەرامبەریدا باسی کەرامەت دەکات! ئایا بەراستی ئەوە حزبەکەی مەسروربارزانی و حزبە دەسەڵاتدارەکانی دیکەی کوردایەتی نین کە کەرامەتی خەڵکی کوردستانیان هەراج کردوە بۆ دوژمنانی خەڵکی کوردستان، لەناوخۆی کوردستانیشدا خەڵکیان موحتاج و زەلیل کردوەو هەموو غرورێکی ئینسانیی هاوڵاتیانی هەرێم و مووچەخۆرانیان شکاندوە!؟ ئەوە ئەوان نین کارێکیان کردوە کە هاوڵاتی کوردستان بێتە بەردەم مایکرۆفۆنی کەناڵەکانی راگەیاندن و بکرۆزێتەوە بۆ ژیانی سەخت و بێدەرەتانی خۆی و هۆن هۆن فرمێسک بەچاویاندا بێتە خوارەوە!؟ ئەوە مووچەخۆرانی کوردستان نین کە پێویستە لەنێوان مووچەو کەرامەتدا یەکێکیان هەڵبژێرن، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتدارانی هەرێمن کە لەنێوان ڕێزگرتن لەکەرامەت و مافەکانی خەڵکی کوردستان یان خۆشخزمەتی بۆ دوژمنانی" خاک و نەتەوە" دا یەکێکیان هەڵبژێرن! کە تائیستا ئەوەی دوەمیان هەڵبژاردوەو لەداهاتووشدا پێناچێت دەستبەرداری بن! بەڵام مووچەخۆرانی هەرێم، وەکو تائێستا نیشانیانداوە، لەپێناو ژیانێکی شکۆمەندو شایستەی مرۆڤی هاوچەرخدا یەخەی دەسەڵاتەکەی مەسرور بارزانی و هاوبەشەکانیان دەگرن و دەستبەرداری مافەکانی خۆیان نابن لە دانی مووچەکانیان بەرامبەر بەوکار و خزمەتەی پێشکەشی کۆمەڵگای دەکەن.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
**عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# ئایا هەڵبژاردن "قەوارەی هەرێم" لەقەیرانەکانی ئێستای دەربازدەکات؟

## خەسرەو سایە

چ لەکاتی بایکۆتی هەڵبژاردن لەلایەن پارتیەوەو چ دوای ئەوەش کە ڕۆژەکەی دیاریکرایەوە، جگە لە پارتی، هەموو حزبەکانی تر، واتە هەر لە یەکیەتی و گۆرانەوە تا حزبەکەی شاسوار عەبدولواحید و ئیسلامیەکان و بەوانەشەوە کە خۆیان دابراندووە بۆ بەشداری لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لیستی ڕەنگاوڕەنگیان پێکهێناوە، بەگشتی ئەو باوەڕو بۆچونە لەمیدیاکانەوە بانگەشەدەکەن کە گوایە ئەنجامدانی هەڵبژاردن قەوارەی هەریم لەو قەیرانەی تێکەوتووە دەرباز دەکا و کێشەکانی خەڵکیش چارەسەردەبێ!

ئێستا هەر بەرپرسێکی ئەم حزبانە لەپەیوەند بەهەڵبژاردنەوە دەم بکاتەوە دەڵێت: "هەڵبژاردن شەرعیەت و ئیعتباری قانونی بۆ حکومەت و پەرلەمان دەگەڕێنێتەوەو قەوارەکەشمان لەو بنبەستەی کەتێیدا چەقیوە دەردەکێشێ"!. هەشیانە زیاتر دەڕواو دەڵێت: "هەڵبژاردن دامودەزگاو موئەسەساتەکانی هەرێم دەخاتەوە سەر ڕێچکەی دەستوری و هێزی یاساییمان پێدەدات لەکێشەو ڕیکەوتنەکانی هەریم لەگەڵ بەغدادا، چیتر دادگای فیدراڵی ناتوانی بەبریارەکانی قەوارەی هەرێم بنکوڵ ولاواز بکات"، تەنانەت ئەوەش دەوترێت کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن "ئیعتبار بۆ هەرێم لەلای دۆستە دەرەکیەکانمان دەگێرێتەوەو قەوارەی هەرێم لە پەیوەندیە دیبلۆماسیەکاندا بەهێزەوە رادەگرێ ..و لەئاکامدا دەوترێت هەموو ئەمانە پێکەوە قەیرانەکانی هەرێم لەبەرژەوەندی خەڵک چارەسەردەکات!.

ئەم قسانە لەگەڵ ئەوەدا پروپاگەندەکردنە بۆ هەڵبژاردن و هەوڵی بەرپرسانی ئەم حزبانەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ لای هەڵبژاردن تا بەشداری لەدەنگداندا بکەن، چونکە دەزانن کە دەنگی بایکۆت زۆرینەیەکی چاوەڕوانکراوە، لەبنەڕەتەوە پێچەوانەکردنەوەی ڕاستیەکانی ئەو قەیران و کێشانەیە کە یەخەی هەم بە حزبەکان و دەسەڵاتەکەیان و هەم بەخەڵک گرتووە.

سەرەتا ئەگەر باسی "گەڕانەوەی شەرعیەت و ئیعتبار بۆ قەوارەی هەرێم" ببەستینەوە بەهەڵبژاردنەوە، ئەوا کێشەو قەیرانەکانی ئێستا خۆی لەدرێژەی شەرعیەت و ئیعتباری پێشوتری هەرئەم قەوارەیەو دەسەڵاتەکەیەوە سەری هەڵداوە. واتە لەکاتێکدا کە هەڵبژاردن کراوە و نە پەرلەمان ماوە بەسەرچوو بووە و وە نە حکومەتیش کاربەڕێکەربووە. تەنانەت پێگەی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکان، بەئاستێک بوو کە باس لە ئابوری سەربەخۆ و ئیعتباریکی نیودەوڵەتی وایاندەکرد، کە ڕێگای خۆشکردبوو بۆ سەرەگرتنی کۆمپانیا دەرەکیەکان تا وەبەرهەمهێنان لەهەرێمدا بکەن. لەیەک وتەدا شەرعیەت و ئیعتباری ئەو دەمەی قەوارەی هەرێم نەک هەر بریارەکانی دادگای فیدراڵ نەیدەلەرزاند، بەڵکو هەرێم هیچ حسابێکی بۆ خودی بەغدا خۆی نەدەکرد. بەڵام ئێستا دەوروزەمانە وەرگەراوەتەوە و بەپێچەوانەی پروپاگەندەی ئەم حزبانەوە، ئەوە نەبوونی "شەرعیەت و ئیعتبار" نیە کەقەوارەی هەرێمی گیرۆدە بەکێشەو بەقەیران کردبێت، تا هەڵبژاردن بتوانێت چارەسەی بکا و بیگێڕێتەوە، بەڵکو ئەوە قوڵبوونەوەو فراوانبونەوەی ئەو قەیران و کێشانەیە کە شەرعیەت و ئیعتباری لەقەوارەی هەرێم سەندوّتەوە و بەم ڕۆژەی ئەمرۆی گەیاندووە. بەرادەیەک تا ئەم قەیران و کێشانە چارەسەرنەبن، قسەکردن لە"شەرعیەت و ئیعتبار" جگە لە پروپاگەندەی هەڵخەڵەتینەرانەو ڕاکێشانی خەڵک بۆ نیو ئەو یاریەی کەحزبەکان دەستی بۆدەبەن شتێکی تر نیە. کەوایە بابزانین ناوەرۆکی ئەو قەیران و کێشانە چین، کەوا قەوارەی هەرێمی بێئعتبارکردووە؟

بێگومان کۆمەڵگای کوردستان لەرەوتی چەندین ساڵەی ڕابردوودا، کێشەو قەیرانی جیاجیای بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەئاستێکی گشتی و بنەڕەتیدا، ئەو کێشەو قەیرانانەی کە حکومەت و پەرلەمانی ئێستایان بە بنبەست کێشاوە و قەوارەی هەرێمیان لاواز و بێچارە بەرۆژی ئەمرۆ گەیاندووە، چەند لایەنێکی سەرەکیان هەیە: لەپێشیانەوە قەیرانێکی ئابوریە، کەحزبەکان ناویان ناوە "قەیرانی دارایی". ئەم قەیرانە ئابوریە لەلایەکەوە پایەکانی دەسەڵاتی لەقکردووە و لەلایەکی تریشەوە چەندین کێشەی وەک نەدانی موچە و کەمی خزمەتگوزرایەکان، هەڵبەزو دابەزکردنی نرخی کاڵا و بازار و دۆلار و دینار، تادەگات بە راوەستانی ناردنەدەرەوەی نەوت و پرۆژەکانی حکومەت.. بەدوای خۆیدا هێناوە. کابینەی نۆیەم، کە بەباسی "چاکسازی"یەوە

هاتەمەیدان، لەبنەڕەتەوە هەولێدا لەڕێگای کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی بەڕێوەبەرایەتیەکان و هەڵوەشاندنەوەی "تەعینی مەرکەزی" و سەپاندنی سیاسەتی باجگیری بەسەر هاوڵاتیاندا، قەیرانی ئابوری بەداشکاندنەوەی ئاکامەکانی بەسەر خەڵکدا چارەسەربکات، بەڵام نەک هەربۆی نەچووسەر، بگرە کاتێک کە کێشەی نەبونی موچەو خزمەتگوزاریەکان گەیشتە ترۆپکی خۆی و نارەزایەتیەکی جەماوەری فراوانی ڕووبەڕوی دەسەلات کردەوە، بەدوای خۆیدا قەیرانێکی سیاسی لەنیوان خودی حزبەکانی نێوحکومەت، لەلایەک و لەنیوان دەسەلات و حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵاتدا، پێکهێنا و لەئەنجامدا ڕیزی یەکگرتووی نێوانیانی تێکدا و گۆڕدرا بەقەیرانی حکومەتی و لەئاکامیشدا هیچ شەرعیەت و ئیعتبارێکی لەلای خەڵکی کوردستان نەهێشتەوە.

لەکەنار ئەم دوو قەیرانەوە، قەیران لەپەیوەندیەکانی نیوان هەرێم و بەغدادا، بەتایبەتی بەدوای تەواوبوونی شەڕی داعش و ئەو گۆرانکاریانەی کە لەدۆخی جیهان و ناوچەکەدا ڕوویان لەعیراق کرد، بەتێکچونی هێزهاوسەنگی لەنیوان ئەحزابی ناسیونالیستی کورد و لایەنە عیراقیەکان گەیشت و ڕەوتی مەرکەزیکردنەوەی حکومەتی عێراق بەسەر هەرێمدا، بووە سیاسەتی لایەنە شیعەیکان و هاوپەیمانێتیەکانی نێوانیان، لەم چوارچیوەیەشدا، پەیوەندی نیوان هەرێم و بەغدا وەک قەیرانێک بووە سەرچاوەی کێشە و ناکۆکی بەردەوام لەسەر کۆمەڵێک بابەت. لەوانە مەسەلەی گومرگ و فرۆکەخانەکان، دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت، داهاتی ناوخۆ، موچە و بودجە و هیتر.. بەجۆرێک کەئەو فیدرالیزمەی لەدەستوری عیراقدا، ببوە بنەمایەک بۆ پێناسەکردنی پەیوەندیەکانی نیوان هەرێم بەغدا، بەکردەوە و لەژێر کاریگەری هاوکێشەی نیوان هێزەکاندا، بەزەرەری قەوارەی هەرێم وپێگەی ئەحزبی ناسیونالیستی کورد، گۆردرا.

گریخواردن و تێکەڵ بەیەک بوونی ئەم سێ قەیرانە، لەچوارچیوەی ململانیی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان و ئەو ڕوداوانەی کە هاتنەپێشەوە، هەم کۆتایی بەو سەردەمە هێناوە کە تێیدا ئەحزابی ناسیونالیستی کورد هێزی باڵادەستی خاوەن قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆبون بون، هەم سەراپای ئەو سیستەم و دەسەڵاتەی کە زیاتر لە سی ساڵە ژیانی خەڵکی کوردستان دەهاڕێ، خستوتە نێو زەلکاو و گێژاوێکی قولی بێچارەوە، کە نەک هەر هەلبژاردن ڕزگاری ناکات، بگرە خودی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانیشی لەگەڵ ئاییندەیەکی نادیاردا بەرەوڕوو کردۆتەوە. ئێستا کە ڕەوتی تەسلیمبوون و پەیوەستکردنەوەی هەرێمی کوردستان بە بەغداوە دەستی پێکردووە، ئێستا کە هەموان خۆیان بە "عێراقی" دەزانن و ستراتیژی خۆیان بە بەغداوە گرێداوەتەوە و هەموو حزبەکان لە موسابەقەی ئەوەدان کە کێ خێراتر و باشتر دڵی ئێران ڕازی بکا و لەگەڵ سودانی و لایەنە شیعەکان ڕێکبکەوێت، ئیتر دۆخی کوردستان و کێشە و قەیرانەکانیشی لە بازنەی هەڵبژاردن دەرکردووە، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دۆخی عێراق و سازدانەوەی دەولەت و ئەو هاوکێشە سیاسیە تازەیەوە کە هێزەکان لەبەر ڕۆشنایی کێشمەکێشە ناوچەیی و جیهانیەکان شکڵی پێدەدەن. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەو پروپاگەندانەی کە بەرپرسانی حزبەکان بۆ هەڵبژاردنی دەکەن، شتێکی تر نیە جگەلەوەی کە پێگەی خۆیان لەسەر حسابی دەنگی خەڵک بەدەستبهێننەوە و ڕوخاساری دزێوی هەر ئەو سیستەم و دەسەلاتەش ڕەتوش و جوان بکەن، کە خەڵکی کوردستان لەبەرامبەریدا دەنگی نارەزایەتی هەڵبریوەو ڕۆژانە نەفرەت و تورەیی خۆی بەسەردا دەبارێنێ.

تا ئەوجێگەیەی کە بەخەڵکی کوردستان دەگەرێتەوە، ئەگەر هەڵبژاردن کێشەو گرفتەکانیان چارەسەرناکات کەوایە نابێ ئەوان بە پروپاگەندەی حزبەکان باوەربکەن و خۆیان لە چاوەروانیدا بەدیار هەڵبژاردن و ئەنجامەکانیەوە ڕابوەستن، بەڵکو دەبێ هەر لەئێستاوە، خەباتی یەکگرتوانەی خۆیان لەدژی هەر ئەم حزبانەو دەسەلات و سیستەمەکەیان، کە زیاتر لە سی ساڵە ژیانیان دەهاڕێ، بێبنێنە مەیدانەوە، ئێستا ئیتر کاتی فراوانکردنەوەو یەکگرتوکردن و لێکهەڵپێکانی نارەزایەتیە جەماوەریەکانە لەدەوری خواستی باشکردنی دۆخی ژیانو گوزەران، لەپێشیانەوە زیادکردنی موچە، کار و دامەزراندن، خزمەتگوزاری و بیمەکان....کاتی پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان و بەدەستەوە گرتنی کۆمەڵگا و ناوەندەکانی کارو بەڕیوەبەرایەتیەکانە لەلایەن جەماوەر خۆیەوە، کاتی خۆکۆکردنەوەو هەنگاونانە بۆ ئاڵوگۆری ڕیشەیی، کە تێیدا کێشەی نیوان خەڵک لەلایەک و دەسەلات و حزبەکان لەلایەکی تردا، بەیەکجاری یەکلایی دەکاتەوە.

٤/٧/٢٠٢٤

**بژاردەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو ڕاماڵین و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری!**

# پەیوەندی هەولێر و تاران!

عوسمان حاجی مارف

سەردانی فەرمی نێچیرڤان بارزانی بۆ تاران هەرچەندە وەها نیشاندرا کە لەپەیوەند بە هەڵبژاردنی هەرێم و کێشەی هەولێر لەبەرامبەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیدایە، هەڵبەتە لەو بارەیەوە قسەکراوە و بارزانی داوای جدی هەبووە لەو بوارەدا، بەڵام ئەم سەردانە زیاتر ئاکامی سەردەمێکی نوێیە لەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت، هەروەها پەیوەندی نێوان تورکیا و عێراق لە پەیوەند بە پرۆژەی گەشەپێدانەوە، لەهەمانکاتدا ئاماژەیە لە ئەگەری گۆڕانی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و عێراق و ئێران.

سەرەڕای بەردەوامی ناڕەزایەتی یەکێتی بەرامبەر بە ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردنەکان، پێدەچێت تاران لەدوای ئەو سەردانەی نێچیر ڕۆڵی نێوەندگیری کاریگەر بگێڕێت، بۆ فشار لەسەر یەکێتی و حکومەتی بەغدا، هەوڵی تاران بە یارمەتیدان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی سەخت لەسەر پرسی هەڵبژاردن، پشتیوانیەکی پێویست لەگەڵ حکومەتی هەرێم بەدەست دەهێنێت، کە ئەمەش دواتر ڕێگە بە تاران ئەدات داوای ئیمتیازات بکات لەسەر هەردوو ئاستی ئەمنی و ئابووری.

دەمێکە خامنەیی هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی بەرامبەر بە ئاراستەی لایەنگری بارزانی بۆ ئەمریکا گرتوتەبەر، ئەم گۆڕانکاریە کتوپڕە بەشێوەیەکی تارادەیەک خێرا لە دوای هێرشی موشەکی بالیستی ئێران بۆ سەر هەولێر جێگای سەرنجە، وێڕای ڕابردوی پڕ لە گێژاویان، ئێستا لەبەرامەر بەرژەوەندیەکی تایبەتدا بەرەوڕوون، لە مامەڵەی بەشێک لەو ناکۆکیانەی کە تایبەتمەندی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و تاران و ئەنقەرەیە، کۆماری ئیسلامی ئەمە بە دەرفەتێک دەزانێت بۆ فراوانکردنی نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی ڕکابەری لە بەرامبەر ڕۆڵی تورکیا لە ناوچەکەو عێراقدا.

دوای ئەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی سەدامی ڕووخاند، ئێران دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا پەیوەندی سیاسی و ئابووری بە فەرمی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات، لەهەمانکاتدا دوو کونسوڵخانەی لە هەولێر و سلێمانی کردەوە. حکومەتی هەرێم توانی نوسینگەی نوێنەرایەتی لە تاران بکاتەوە، کە وەک "باڵیۆزخانەی دیفاکتۆ" کاردەکات.

بەدوای ساڵی ٢٠٠٣وەوە بە هۆی پێشهاتە ناوچەییەکان، سەرهەڵدانی ڕێکخراوی "داعش" و ململانێی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، لەلایەکی ترەوەو پاشکۆبونی بارزانی بۆ دەخالەتی ڕاستەوخۆی تورکیا لە ناوچەکە، پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و حکومەتی هەرێم بەردەوام دابەزین و بارگرژی بەخۆوە بینیوە.

هۆکارێک لە ناسەقامگیریی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و تاران، بونی لایەنە چەکدارە کوردیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە لە ناوچەی کوردستانی عێراق. بەڵام دوای واژۆکردنی "ڕێککەوتنی ئاسایشی ستراتیژی" لە نێوان بەغدا و هەولێر و تاران لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٣، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کە بنکەکانیان لە هەولێر و سلێمانیە، تارادەیەکی زۆر پابەندبوون بەو ڕێککەوتنە، بەڵام هێشتا پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی ئەمنی بەردەوامە، لەم ڕۆژانەشدا کۆماری ئیسلامی داوای لە یەکێتی کردووە کەسوکاری بەشێک لە ئۆپۆزیسۆنەکان بخاتە ناو کەمپەکانەوە، قەبولکردنی ئەمەش لەلایەن یەکێتییەوە بەکارێکی نامرۆیی و قێزەون و ڕیسوا بەسەریدا دەشکێتەوە، لەلایەکی تریشەوە مەترسیەکی گەورە دەبێت لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و خەڵکی کوردستان.

هەرچەندە بارزانی بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ هاوکاریکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستێکی سنووردارادا، بەڵام جۆری پەیوەندی پاشکۆبونی هەولێر بە تورکیا و ئەمریکاوەو پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو، مایەی وروژاندنی بەردەوامی نیگەرانیەکانی ئێرانە بەرامبەر بارزانی.

ئەوەی شایانی باسە تاران هەرێمی کوردستانی عێراق بە "ئیسرائیلی دووەم" دەناسێنێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەولێر هێلانەیەکی بریکارەکانی "مۆساد"ە.

ڕوانگەی ئەمنی ئێران بەرامبەر بە هەولێر لە کاتی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧دا ڕونتر بووەوە، عەلی ئەکبەر وڵایەتی، یەکێک لە ڕاوێژکارە باڵاکانی خامنەیی لەوکاتەدا ڕایگەیاند کە کۆمەڵگەی موسڵمانان ڕێگە بە دامەزراندنی ئیسرائیلێکی نوێ لە ناوچەکەدا نادەن.

هەڵوێستی پەرچەکرداری ئێران بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم تەنها قسەکردن نییە، دیمان کە سوپای ئێران بە مووشەکی بالیستی ماڵی دوو بازرگانی کردە ئامانج و بانگەشەی ئەوەی کرد کە بریکارەکانی ئیسرائیل ئەو بینایانە بەکاردەهێنن، لەهەمانکاتدا موشەکی لایەنە شیعەکانی سەر بەئێران کە ئاراستەی هەولێر کران.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی فەرمی، سەرۆک کۆماری ئێران کە بە بارزانی ڕاگەیاندووە، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە حکومەتی هەرێم ڕێگری لە ئیستغلالکردنی خاکەکانیان لە لایەن ئیسرائیل و گرووپە دژبەرەکانی ئێرانەوە بکات.

لەمیانی کۆبونەوەکەدا کە لە تاران بەڕێوەچوو بارزانی دووپاتی کردەوە، کە هەرێمی کوردستان ڕێگە نادات زەوی و زارەکانی ببنە مایەی نیگەرانیی ئاسایشی نیشتمانی بۆ دراوسێکانی،

دەشلێت، لە ڕووی پرەنسیپەوە قبوڵکراو نییە هیچ گرووپێکی چەکدار هێرش بکاتە سەر وڵاتانی دراوسێ و دواتر کشانەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێران لە میوانداریکردنی بارزانی هەوڵدانە بۆ دوورخستنەوەی حکومەتی هەرێم لە بازنەی تورکیا، چونکە ساڵانێکی زۆرە هەولێر زیاتر لەگەڵ ئەنقەرە هاوتەریب بووە نەک لەگەڵ تاران. هۆکارێکی هەڵوێستی ساردی حکومەتی هەرێم بەرامبەر ئێران دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان هەولێر و بەغدا لە سەردەمی دەسەڵاتی نوری مالیکی ( ٢٠٠٦-٢٠١٣) کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرا، هەروەها لەو ماوەیەدا هەرێم لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لە پەیوەندیەکی نزیکدا لەگەڵ تورکیادا بووە. سەرەڕای هەموو نارەزایەتی و کاردانەوە توندەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق، هەولێر ڕێککەوتنێکی ستراتیژی بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لەگەڵ تورکیا بۆ هەناردەکردنی نەوت واژۆکرد، لە هەنگاوێکدا کە بەغدای بەتەواوەتی بەدەرکرد، لەلایەکی تریشەوە ئێران زیاتر لە ڕێگەی یەکێتییەوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمدا ڕێکخستوە.
بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە دۆخی سیاسی ناوچەکەدا پێشهاتووە بارزانی و حکومەتی هەرێم دەرگیر بە قەیرانێکن، لە بەرامبەر چونە پێشەوەی سیاسەتی بە ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق، ناچار بە گەڕانەوە بۆ بەغدا و پاشکۆبونی حکومەتی عێراق بون، لە هەڵپەکردنی ئەوەدان لە ڕێگای پەیوەندی دیبلۆماسیەوە خۆیان لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنن.

ئەوەی کە ئێستا زیاتر بەرجەستە بۆتەوە، لە چوارچێوەی پرۆژەی گەشەپێداندا هەولێر ڕێگای ترانزێتە بۆ پرۆژەیەکی گرنگ کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی نفوزی تورکیا لە عێراق، هەرچەندە تا ئێستا ڕادەی بەشداریکردنی هەرێم لە پرۆژەکەدا نادیارە. بەڵام پێویست دەکات ئاماژە بەوە بکرێت کە جێبەجێکردنی پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" تەوەری سەرەکی سەردانەکەی ئەردۆغان بوو بۆ بەغدا و هەولێر، لە کارنامەی نێوان بەغدا و ئەنقەرەدایە، هەروەها بەشداری دارایی ئیمارات و قەتەر لەم پرۆژەیەدا چاوەڕوانیەکانی بەرزکردۆتەوە، بەڵام هێشتا هەڵوێستی ئێران لەم بارەیەوە ڕوون نییە، لەهەمانکاتدا جێگەی هەولێر لەم پرۆژەیەدا تا ئێستا هیچ ڕێکەوتنێکی فەرمی بۆی ڕانەگەیەنراوە.

بارزانی لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ تاران، ئەو پەیامەشی بە بەرپرسانی ئێران گەیاندوە کە پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" ئامانجێکی ستراتیژی بۆ ئێران نییە.

هەروەها نیگەرانیەکی تر کە پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، ئەگەری ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیایە بۆ سەر چەکدارانی پەکەکە لە پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر، چونکە ئەم پرۆسەیە ڕێگە خۆشدەکات بۆ پەرەسەندنی نفوزی ئەنقەرە لە عێراقدا. ئێران بۆ پوچەڵکردنەوەی نفوزی ئەنقەرە لە کوردستانی عێراق، لەژێر ئالای نیمچە فەرمی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، ئامادەیی بۆ پارێزگاری لە هەندێ شوێندا بۆ پەکەکە نیشانداوە، ئەمەش ئەو ئاکامەی لێدەبێتەوە هەر هێرشێکی داهاتوو کە تورکیا ئەنجامی بدات بۆ سەر پەکەکە، زیاتر ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە.

ئێران هەمیشە بۆ فشارخستنەسەر بارزانی هەوڵیداوە توانای هەولێر لە پەیوەند بە حکومەت لە بەغدا و کاریگەری لەسەر یەکێتی لە سلێمانی تێکبدات، بەڵام ئێستا وا دەردەکەوێت ئێران ئامادەیە دەست لەسەر کێشەکانی بەرامبەر هەولێر راگرێت و قۆناغێکی نوێی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەستپێبکات.

هەرچەندە هەولێر دەیەوێت هاوسەنگ لە نێوان ڕکابەری نێوان ئەنقەرە و تاران لە ناوچەکەدا دروست بکات، بەڵام پێدەچێت ئێران بەردەوام بێت لە گوشارەکانی لەسەر هەولێر کە لە هەوڵدا بووە بۆ بەدەستهێنانی هەمان ئەو نفوزەی کە لە سلێمانی هەیەتی. ئەمەش ئاڵۆزی ئەو دۆخە نیشان ئەدات، کە لە بەرامبەر ئەو ئاراستەیەی لە پێداویستی گۆڕانکاریەکان لە ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت، کە ململانێ و چۆنیەتی سەپاندنی بەرژەوەندی و پرۆژە ئابوریەکان و هاوسەنگی لایەن و هێزەکان بەلایەکیدا دەخات.

**خەڵکی کوردستان پێویستیان بەوەیە کە ڕیز و چارەنوسی خۆیان لە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی کوردایەتی جیابکەنەوە. ئەوەی کە حزبەکانی کوردایەتی و حکومەتی هەرێم بۆ قەبڵاندنی سیاسەتی کۆنەپەرستانە و تاڵانگەری خۆیان دەڵێن: "ئێمە هەموومان لە ناو کەشتیەکداین ئەگەر نوقم بێت هەموان تیادەچین"، ڕاست نیە. کەشتی ئەوان و کەشتی خەڵکی کرێکار و ستەمدیدەی کوردستان جیاوازە. بەڵام ئەوان هەمیشە باجی شکستەکانی خۆیان دەخەنە سەر خەڵکی کوردستان. ئەم خەڵکە دەتوانن و دەبێت حیساب و چارەنوسی خۆیان لەوان جیابکەنەوە. ئەم دەسەڵاتە تاڵانچی و ستەمکارە و خودی قەوارەکەیان مستەحەقی لەناوچونە. ئەوەی کە دەبێ ئەم دەسەڵاتەش لەناوببات هاتنەمەیدانی ڕیزی فراوانی جەماوەری ناڕازی و ستەمدیدەی کوردستانە!**

# هۆکار و ئامانجی سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا!!

## عەبدوڵا مەحمود

لە چەند رۆژی رابردوودا سەرۆکی پارتی مەسعود بارزانی سەردانی بەغدای کرد. لەو سەردانەیدا چاوی بە زۆرێک لە سەرکردە سیاسیەکانی حزب و لایەنە شیعی و سونی و تایفیەکان و نوێنەرایەتی چەند وڵاتێک کەوت. میدیاکانی پارتی سەردانەکەیان وەکو سەردانێکی مێژوویی و گرنگ و بارزانیان وەکو باوکی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و کۆکەرەوەی لایەنە سیاسیەکان وێنا کرد. بەپێی میدیاکانی پارتی سەردانەکەی بارزانی چەند مەسەلەی گرنگی لە خۆگرتووە لەوانە؛ ناکۆکیەکانی هەولێر و بەغدا، پرسی موچە، پێکهێنانی حکومەتی خۆجێی کەرکوک، دۆسیەی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق...تاد.

دیارە بارزانی هیچ سیفەتێکی فەرمی نییە، جگە لەوەی سەرۆکی پارتییە و وەکو کەسایەتیەکی سیاسی پەیوەندی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە نوخبەو کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و دنیادا هەیە، هەر بەوپێیەش بەپێچەوانەی بانگەشەی میدیاکانی پارتی جگە لەچەند بەرپرسێکی باڵای حزبەکەی لە بەغدا هیچ کەسێکی تر چ لەئاستی فەرمی و حکومی و چ لەئاستی سەرانی ئەحزابی سیاسیدا لەپێشوازی بارزانیدا نەبوون.

دۆسیەی ناکۆکی هەولێر و بەغدا، حکومەتی خۆجێی کەرکوک، پرسی موچە و هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و چەندین پرسی تر...تاد، دۆسیەگەلێکن کە بەدرێژایی عێراقی تازەی دوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعس ئامادەییان هەبووەو ئاماژەن بۆ ناکۆکی و ناتەبایی ریزەکانی بۆرژوازی عێراقی، بەتایبەتیش ناکۆکی لەنێوان ناسیونالیزمی کورد و باڵەکانی بۆرژوازی لە بەغدا. بەڵام ئەم دۆسیانە لە سەردانەکەی بارزانییدا بۆ بەغدا، لاوەکی و دیوی دەرەوەی واقعیەتێکی ترە کە ریشەی لە ئاڵوگۆرێکی بناغەییتردایە کە بەسەر دۆخی سیاسی عیراق و کوردستاندا هاتووە.

سەردانی بارزانی بۆ بەغدا بەدوای زنجیرەیەک لە سەردانی نێچیر بارزانی و مەسرور بارزانی و شاندەکانی حکومەتی هەرێمدا بۆ بەغدا و دوای زیاتر لە ٦ ساڵ و بەدوای ریفراندۆمدا هات. ئەم سەردانەی مەسعود بارزانی، لەپێش هەموو شتێکدا دانانی بوو بەو ئاڵوگۆرانەی لەچەند ساڵی رابردوودا لە دۆخی عیراق و بەسەر هاوسەنگی هێزەکاندا هاتووە. بەتایبەتی دانان بوو بە شکستی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لەبەرامبەر بە هەژموون و باڵادەستی بۆرژوازی عیراقیدا. ئەگەر تا پێش ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و ریفراندۆمدا، بۆرژوازی کورد سەرمەستی پێگەی سەربەخۆیی ئابوری و ئیداری و سیاسی و خاوەنی پشتیوانیەکی ناوچەیی و جیهانی بوو، بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەردا، رەوەندی رووداوەکان وەکو زنجیرەیەک رووداوی خێرا بە ئاقاری بچووککردنەوەی پێگەی ناسیونالیزمی کورد بوو. وەکو دەستپێک دەرهێنانی دۆسیەی فرۆشتنی نەوت غاز، بەیاساییکردنی چاودێری بەغدا بەسەر داهاتەکانی هەرێم، جوڵاندنی دادگای فیدرالی لەبەرامبەر دۆسیەکانی ناو هەرێم، جوڵەکانی بەغدا بۆ گێرانەوەی باڵادەستی ئەمنی بەسەر سنورەکاندا، باسی هەمواری دەستور.... دواتریش بریارەکانی دادگای فیدرالی لەدژی دەسەڵاتی یاسایی و حقوقی ناسیونالیزمی کورد لە هەرێمدا...تاد ئەو رەوەندە بوو کە زۆر زوو پارتی و یەکێتی ناچار بەوە کرد قیبلەی خۆیان بەرەو بەغدا و خۆگونجاندن لەگەڵییدا وەربگێرن، لەو نێوەدا بەجیا لەوەی پارتی بەوێنەی دەسەڵاتی زاڵی ناو هەرێم و خاوەن بریاری سیاسی بەرگری لەخۆ نیشاندا و ئێستاش ناچارە نیگەرانی دەرببڕێت و بەرەنگاری یان کاردانەوە لەخۆی نیشان بدات، بەڵام لە باڵکۆنی هەرێم و سەکۆی پشتەوەدا مەسعود بارزانی بێدەنگەو زیاتر لەوەش باسی لە دوژمنکاری بەغدا، پاشگەزبوونەوە لەدەستور، مانەوەی عەقڵیەتی شۆڤینی، ناساندنی دادگای فیدرالی بە دادگای بەعس...تاد دەکرد. ئەم سەردانەی بۆ بەغداو راگەیاندنی ئەوەی کە بەغدا نیەتی باشی هەیە و ئەندازیار و نوێنەری ئەم نیەت باشیە سودانییە، کۆتایی بە رووبەڕووبوونەوە توندەکانی لەگەڵ بەغدا و باڵەکانی بۆرژوازی عێراقیدا هێنا و رادەستی واقعیەتە تازەکان و ئاڵوگۆرەکانی عیراق بوو، بەو مانایە هیچ سەرکەوتنێک بۆ بارزانی لە ئارادا نییە، بەڵکو پاشەکشەو هاتنەخوارەوەی بوو لە تەلاری خەونەکانی پێشووی.

هەروەها خۆ بەستنەوەی تەواوەتی بە ئەمریکا و غەرب و جەمسەری تورکی، بەبێ ملدان و هاوکاری لەگەڵ ئێراندا، خێراتر لەوەی رووەدەدات دەتوانێت دۆخی هەرێم بەگشتی و زۆنی زەرد بەتایبەتی توشی پشێوی و نائەمنی نەخوازراو بکات و هاوسەنگی هێز لەگەڵ نەیارە مێژوویەکی یەکێتی نیشتیماندا، بەزیان بۆی بگۆرێت... بۆیە لەو بارەیەوە کە دەسەڵاتی زاڵی بەغدا، زۆرتر وابەستەی جەمسەری ئێرانییە، ناچارە لەگەڵ ئەو واقعیەتەدا مامەڵە بکات. بەتایبەتیش کە ئێران لە دەباشان کاراترە بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانی نێوان سەری رەش و دەباشان.

پارتی و بارزانی بۆ گفتوگۆ لەسەر پرسی بودجە و موچە و کەرکوک و هەڵبژاردن و ...تاد، چ لەگەڵ بەغدا و چ لەگەڵ یەکێتی ناچارن پێشوەختە واقعیەتە تازەکانی دۆخی عێراق قبوڵ بکەن و تەنانەت ئەوە بۆتە پێشمەرجێکی نەنووسراوی هەر دانوستاندنێک، بارزانی لەم سەردانەیدا ئەوەی قبوڵ کرد.

سەیر ئەوەیە میدیاکانی پارتی و زۆرێژانیان باسی ئەوە دەکەن کە بارزانی بۆتە کۆکەرەوەی هێزە ناکۆکە عێراقیەکان و کلیلی چارەسەری پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان...

ئەوە لەکاتێکدایە لە هەرێمدا و لە دڵی کوردستاندا "کەرکوک" ناتوانێت پرسی پارێزگار لەگەڵ یەکێتی و لایەنەکان یەکلابکاتەوە و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش گرژی نێوان پارتی و یەکێتی بەجێگایەک گەیشتووە، کە ناکۆکیەکانیان لەسەر قەڵەمرەوی دەسەڵات و تاڵانی و پۆست و شۆڕ بۆتەوە بۆ نزمترین ئاستی ریزەکانیان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە بە ئاسانی دەبینرێت. ململانێشیان لەسەر نوینەرایەتیکردنی بەغدا و لە هەرێمدا دەچێتە چوارچێوەی ململانێکانی دەورەی داهاتوو. جیا لەوانە بارزانی هیچ ریکەوتنامەیەکی لەگەڵ کەس واژۆ نەکرد، جگە لە گورینەوەی بیرورا و خستنەرووی گلەیی و گازندە لەلایەک و پیاهەڵدان و ستایش لەلایەکی ترەوە، کە ئەمەش هیچ دەستکەوتێک و پێشرەوی و سەرکەوتنێکی دیبلۆماسی بۆ بارزانی تۆمار ناکات.

هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و دۆسیانە، لەپاڵ پرسی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و ئاڵانگاریەکانی بەردەمی، زۆربوونی دەستێوەردانی ئیران و تورکیا، دارمانی یەکجارەکی متمانەی خەڵک بە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی... ئەو پرسانەن کە پارتی و بارزانی و یەکێتی و هێزە بۆرژوازییەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، بێئەوەی هیچ کارت و رێگاچارەیەکیان بەدەستەوە بێت. بەڵام لەونێوەدا پرسی بچوکبوونەوەی دەسەڵات و قەوارەی هەرێم لەبەرامبەر بەغدا، تا ئەو رادەیەی هەموو سەرانی وورد و درشتی بزوتنەوەی کوردایەتی و تا دەگاتە نووسەر و پارێزەرانی بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی کورد، باس لە دارمان و مەترسی کۆتاییهاتنی ئەو قەوارەیە دەکەن، کەبووە قەوارەی بەخشینی "ژیانی شاهانە و فیرعەونی بە بۆرژوازی کورد و بنەماڵە دەستروشتوە حزبی و بنەماڵەیەکان و ژیانی مەمرەو مەژی بۆ چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان". مەبنای سەردانەکەی بارزانی بوو بۆ بەغدا. وە مەبنای هەموو ئەو جموجۆڵە دیبلۆماسیانەیە کە پارتی و بارزانی و یەکێتی، لەم دەورەیەدا، بەدوایەوەن.

**ناوەراستی تەموزی ٢٠٢٤**

## بۆردومان و لەشکرکێشی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ سەر خەڵکی کوردستان جێگای سەرکۆنە و ریسواکردنە لەلایەن ئێمە و هەر ئینسانێکی ئازادیخوازە!

ئۆپەراسیۆنی بەرفراوانی زەمینی و ئاسمانی چەند رۆژ لەمەوبەری دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ ناو قولایی شاری دهۆک و گوندەکان و هاتنەناوەوەی دەیان تانک و زرێپۆش و هەزاران سەربازی سوپای تورکیا و دانانی دەیان خاڵی پشکنین و هاتوچۆ زیادکردنی بنکەی سەربازی، هاوکات هێرشی ئاسمانی بە درۆن و بۆردومانکردنی ناوچە سنوریەکان و ناچارکردنی خەڵکی ناوچەکە بە کۆچ کردن لەپاڵ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیل لە شارەکانی کوردستاندا.... گۆشەیەکی تر لە سیاسەتی میلیتاریزم و فراوانخوازی حکومەتە فاشیستەکەی ئوردۆگان نمایش دەکات. سیاسەتێک کە جگە لە ناسەقامگیری وتێکدانی ئاسایشی خەڵکی کوردستان و داسەپاندنی فەزای عەسکەرتاریەت و نانەوەی پشێوی و نائارامی کوشتن وکاولکاری و زیادکردنی بەڵایەکی تر بۆ سەرشانی خەڵکی کوردستان شتێکی تری بەدواوە نییە. دەوڵەتی فاشیستی تورکیا لە سێ دەهەی رابردووەوە بەبیانووی هەبوونی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی لە هیچ تاوانێک نەپاراستوە. تائێستا چەندین گوندی وێرانکردووە و باخ و رەز و پاوانی سوتاندوە و دەیان هاولاتی سڤیلی بریندارکردووە و کوشتوە، تەنانەت کەمپی ئاوارەکانی کردوەتە ئامانجی فرۆکە جەنگیەکانی خۆی و خەڵکی بێتاوانی لە خوێن هەڵکێشاوە و بەردەوامیش ترس و دڵەراوکێی کردوەتە تارماییەکی کوشندە بەسەر ژیانیانەوە. ئەم رژێمە هەموو ئەمانەی وەک رێگایەک بۆ خۆدەربازکردن لە قەیرانە ناوخۆییەکانی خۆی و هەڵسانەوەی باری شکستەکانی و پاراستنی پێگەی رووڵەخواری لەئاست ناوچەکەدا، بەدەستەوە گرتوە.

بەڵام ئەم لەشکرکێشی و پڕ لێراکێشانە سەربازییەی دەوڵەتی تورکیا و ئەم هێرش و پەلامارانەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کە بە بەرچاوی ئەمریکاوە، کە گوایە ئەمنیەتی ناوچەکەی لەئەستۆیە و هیچ کاردانەوەیەک لەخۆی نیشان نادا، ئەوەشی کە حکومەتی عێراق و حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان، بێدەنگیان هەڵبژاردووە، دەرخەری ئەو راستیەن کە هەموو ئەم لایەنانە لەپیناو گەیشتن بە بەرژەوەندیە سیاسیە چەپەڵەکانیان، ئامادەن سەلامەتی گیانی و ماڵی و ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی هاولاتیانی کوردستان، بەبارمتە بگرن و بیخنەبەردەم مەترسییەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەتوندی سەرکۆنەی هێرشە سەربازییەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و تاوانەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکا و هاوکات ئەمریکا و دەسەڵاتداران لە هەولێر و لە بەغدا، بەرپرسیار دەکات بەرامبەر بەو دەستدرێژی و هێرش و تاوانانەی لەلایەن تورکیاوە بۆ سەر خەڵکی کوردستان بەرێخراوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان تەئکید دەکات کە تەنها بە خەباتی یەکگرتوانەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ناوچەکە، لەپێشیانەوە کرێکاران و ئازادیخوازانی کۆمەڵگەی تورکیا و هێنانەمەیدانی نارەزایەتیەکی جەماوەری بەرفراوان بەدژی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، دەتوانرێ سنورێک بۆ تاوانەکان و دەستدرێژی و پەلامارە سەربازیەکانی دابنرێ.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٥ ی جولای٢٠٢٤**

# دەشتی جەمال دەربارەی هۆکاری سەرکەوتنی حزبە راست و نەتەوەپەرستەکانی ئەوروپا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا بۆ ئۆکتۆبەر دەدوێ

**ئۆکتۆبەر:** لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا رەوتە پەرگیرە راستڕەوەکانی بۆرژوازی دەنگەکانیان بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە. لە ئیتالیا، دەسەڵاتی حکومەت لەدەستی ئەواندایە. لە فەرەنسا لە جەولەی یەکەمدا پارتەکەی مارلین لۆپین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی فەرەنسا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام دواتر لە جەولەی دووەمدا، دۆخەکە گۆڕا و بەرەی چەپ زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا. لە بەریتانیاش، پارتی کار(یان کرێکاران) بەزۆرینەی دەنگەکان کە لە مێژووی بەریتانیادا یەکەمجارە ئەوەندە دەنگ بهێنێت، حکومەتی لە حزبی پارێزگاران وەرگرتەوە. ئێوە لێکدانەوەتان بۆ ئەم مەسەلەیە چیە؟ بۆچی لە ئەوروپا باڵی راستی پەرگیری بۆرژوازی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا دەنگێکی بەرچاو بەدەست دەهێنن و بگرە لەهەندێ جێگا دەسەڵات دەگرنە دەست؟ بەدەر لەوە ئایا دەکرێ هەڵبژاردنی پارتی کرێکارانی بەریتانیا یان هێنانی دەنگی یەکەم لەلایەن بەرەی چەپەوە لە فەرەنسا، وەکو سەرکەوتنی چەپەکان ناوبنرێ!

**دەشتی جەمال:** هەڵکشانی پێگەی حیزبە راستڕەو و قەومپەرست و وێرانکەرەکان لەم دواییانە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپادا پێشبینیکراوبوو، رەهەندەکەی لە قەیرانێک کە ئابووری سەرمایەداری لە ٢٠٠٨ەوە سەرتاپای سیستەمەکەی بەرەو شڵەژان و بێئاسوویی راپێچ کردووەو بەدوای خۆیدا گۆڕانکاریی گرنگ و چارەنووسسازی لە پایەکان و دیمەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رۆژئاوادا هێناوەتە ئاراوە، لەوانە گەشەو سەرهەڵدانی حیزبی جیاواز، وەیان گۆڕینی حزبە بۆرژوازیەکانی چەپ بۆ راست. ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی پەرلەمانی ئەوروپا لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا حزبە راستڕەوە نەتەوەپەرستەکان وەک پارتی کۆدەنگی نیشتیمانی ی ماری لۆپێن وەیان پارتی ئەڵتەرناتیڤ لە ئەڵمانیا کورسی زیاتر دەهێنن وە پارتە تەقلیدییەکان و گەورە و پەرلەمانییەکانی تر وەک سۆشیال دیموکراتەکان و لیبراڵەکان کورسی کەمتر وە یان پارتی کرێکاران کە باڵی راستی بۆرژوازی تیا بالادەستە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆرتر دەهێنێت، یەکێکە لە گریوگۆڵە سیاسی و ئابوورییەکانی سیستەمی کاپیتالیستی رۆژئاوا و دریژەی سیاسەتی سک هەڵگوشین و بارگرانی ئابووری نیولیبرالیزمە لەسەر چینی کرێکارو خەڵکی بەشمەینەت. بەداخەوە ئەم پێشهاتانە لە لاوازی و نەبوونی هێزێکی کۆمۆنیستی رادیکاڵ و کۆمەڵایەتیەوە روودەدات کە بتوانێت وەک بزووتنەوەیەکی رێکخراو و یەکگرتوو بە قازانجی هاوڵاتیان و چینی کرێکار دەور بگێرێت و وەڵام بەم دۆخە بداتەوە.

تەماشاکەن ئەوەی ئەم پارتە توندڕەوە قەومپەرستانە خەریکن جێگایەک لە ئەوروپا پەیدا دەکەن، مەسەلەیەکی هەستیاری بەردەم نوێبوونەوەی ئارایشی بۆرجوازییەو بۆشاییەکە کە نیولیبرالیزمی بورجوازی لەنێوان دەسەڵات و خەڵکدا جێیهێشتوە. تەواوی ئاکامە زیانبارەکەی بۆسەر چینی کرێکاری ئەوروپا و بێبەشانە، ئەگەر ئەم پارتانە دەسەڵات بگرنە دەست بۆ چینی کرێکاری ئەوروپا لێکترازانی توند دروست دەکات و یەکێتی و هاوچارەنووسیان توشی زەربەیەکی گەورە دەکات. چەند ساڵ پێشتریش رەوتی قەومپەرست و راستڕەو و پۆپۆلیستەکان کەسێکی لۆمپنی وەک ترامپ لە ئەمریکا، وەیان بۆریس جۆنسۆنی لەبەریتانیا گەیاندە دەسەڵات، وە مەسەلەی ترس لە بیانی و کەیسی پەنابەرانیان بەدەستەوەگرت، وە درۆ و فریودانی گەورەیانکرد تا قەیرانی کەمەرشکێنی خۆیانی پێداپۆشن. بەڵام هەر زوو بێمانایی و دووڕوویی و سیاسەتی چەواشاکارییان بۆ رای گشتی ئاشکرابوو. خەڵکی زۆرتر خراپی دۆخی ژیان و بژێوی و ئابووری بینیوە.

کەوایە کێشەکە لەدەرکەوتەکانی قەیرانی دیموکراسی پەرلەمانیدایە کە هەرجارەی بەشێوەیەک سەردەردێنێت جا ئەوەی پارتە تەقلیدییە بۆرژوازییەکان بەناوی کرێکارەوە بێت سۆسیال دیموکراتی یان لیبراڵ ئاستێک لە پاشەکشەی کە بەسەر ئەم چەپی بۆرژوازی و پەرلەمانیدا داسەپێندراوە، دەرفەتێکی کردۆتەوە بۆئەوەی ئەم راستە توندڕەوە قەومپەرستە پێگە پەیدا بکەن. بە نموونە لە بەریتانیا زۆرجار بەزەحمەت مەودا و جیاوازی نێوان چەپی پەرلەمان و لیبراڵ و کۆنسێرڤێتیڤ لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەبینێتەوە، بەتایبەتی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئاستەم بوو جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان پارتی پارێزگاران و پارتی کرێکاران ببینێت، لە زۆر رووەوە لەپەیوەند بەسیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی تەواوکەری یەکتر بوون. هەمان ئەم نموونەیە لەهەڵبژاردنەکانی پارتەکانی یەکێتی ئەوروپادا رەنگی داوەتەوە، بۆ هاوڵاتیان بەشداریان و هەڵبژاردنی پارتەکان لەسەر بنەمای بەرنامە و ئاسۆ و بەدیلێک نەبوو کە ئەو پارتانە خستبویانە روو، بەڵکو نائومێدی و بنبەست و نەبوونی بەدیل بوو کە بتوانێت گۆرانکاریی گەورە بەدیبهێنێت، چونکە هاوڵاتیانی ئەوروپا لە مێژە دەبینن کە چەپی پەرلەمانی رۆژ بەرۆژ بەرەو پەراوێز دەچن و لەژێر گوشاری لایەن و پارتە راستڕەوەکاندان. بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کە رێزەکانی بۆرژوازی پەرشو بڵاو و قەیرانی قوڵی ئابووری لەئارادایەو حکومەتەکانی ئەوروپا لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەی سیاسی و ئابووریدان، لەوەش

زیاتر فشاری گرانی ژیان و هەژاری و بێکاری و باج و درێژەدان بە سیاسەتی سک هەڵگوشین و بڕینی خزمەتگوزارییەکان ئەمە لەپاڵ هەستکردن بە نائەمنبوونی ئاینده و ترس لە درێژەدان بە سیاسەتی جەنگخوازی ملیتاریزم و زیادکردنی خەرجیە سەربازییەکان هێندەی تر جلەوی بۆ سەربەرزکردنەوەی ئەم ڕەوتە ڕاستڕەوانە پەیداکردوە، ئەگەرچی ئێمکانی نیە فاشیزم لە ئەوروپادا هێزی خۆی بەدەست بهێنێتەوە وەیان سیناریۆی جەنگی دووهەمی جیهانی دووبارە کاتەوە، بەڵام لە نەبوونی هێزێکی کۆمۆنیستی و کرێکاری و ڕادیکاڵدا ڕەنگە کۆمەڵگای ئەوروپا بۆ نێو قەیرانی سیاسی و چینایەتی و ئایدیۆلۆژی ڕاکێشێت کە ئەگەر جلەو نەکرێت و وەڵامی دانشکێنی لەلایەن چینی کرێکارەوە پێنەدرێتەوە.

لەوەش زیاتر هەروەک لە کارو بەرنامەی سیاسی ئەم پارتە ڕاستڕەو و توندڕەوانەدا بەدیدەکرێت، بەتەنها لە دژایەتیکردنی خەڵکی بیانی و جیاکاریکردنی نێوان مرۆڤەکاندا نەماوەتەوە، بەڵکو ئێستا بەئاشکرا پەنابەرو کۆچکردوان تەحقیر دەکەن، ئامانج و بەرنامەیان ڕووی لەوەیە کە کۆمەڵگا بەجۆرێک ڕێک بخەنەوە کە ئاستی کرێ و سەعاتکاری زۆر داسەپێنن، بیمەکۆمەلایەتییەکان و خزمەتگوزارییەکان بەیەکجاری هەڵوەشێنێتەوە، هاوکات هەوڵدەدات کۆمەڵگای موتەمەدنی ئەوروپا لەجەنگێکی بەردەوامی ناوخۆیی ڕەگەزیدا ڕابگرێ. دەستکەوتەکانی بەشەریەت و شارستانیەت و مەدەنیەت و ئینسانیەتی کۆمەڵگا پاشەکشە پێبکات کۆمەڵگای تۆلرانس وموتەمەدنی ئەوروپا بەرەو دەمارگیری وجیاکاری بەرێت.

بەداخەوە حکومەتەکانی ڕاستڕەو لیبراڵەکانی ئەوروپا دەوری سەلبییان دیوە لەسەر بزواندن و ڕاستکردنەوەی ئەم ڕەوت و حزبە قەومپەرست و ڕاسیستیەکان بۆ نێو دەسەڵات وەرگرتنی ژمارەیەک لە کورسی پەرلەمانەکان و بەرزبوونەوەی پێگەیان لەم کۆمەڵگایانەدا دژ بەخەڵکی بیانی و موسوڵمان بەتایبەتی، پێشتر ئەم پارتانە سنورداركراوبوون لەلایەن پارتە بورجوا گەورەکانەوە لە ئەوروپا . ئەم پارتە ڕاستڕەو و توندڕەوە نوێیە دوژمنی کەلتوری جیاوازو دژایەتی بێگانەیە، پەیڕەوی سەرەکی و پرۆگرامیانە، دەیانەوێت ئەوروپا لە پەنابەران بپارێزن ئیدعای ئەوە دەکەن پەنابەران سەرچاوەی بێمافی و هەژاری و بێکاری و نەخۆشی و ئەو قەیرانانەن کە یەخەی بە باڵی ڕاستی ئەو حکومەتانە گرتوە.

لەدرێژەی قسەکانمدا دەمەویت ئەوەش بڵێم سەربارى ئەو هێرشانەی باڵی ڕاستی بۆرجوازی بۆ سەر چینی کریکاریی ئەوروپا وە ئاستی ژیان و گوزەران و دەستکەوتەکانی دەیان ساڵەی چینی کریکار و هەڵومەرجی سەختی کار وە دیارنەبوونی ئاسۆیەکی شۆڕشگیرانە کریکاریی و لاوازی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و سوشیالستی، بەلام چینی کریکار و جەماوەری بەشمەینەت و چەوساوە بێدەنگ نەبوون و کاردانەوە و مقاوەمەتیان کردوە دژی سیاسەتەکانی بورژوازی بۆ لیگرتنەوەو شکاندنەوەی باری قەیرانی ئابووری بەسەر خەڵکی کریکارو زەحمەتکیش لە ریکخستنی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی کریکاران و لاوان بۆ بەرگری لە ئایندەی خۆیان درێژەی بووە.

تا ئەو جێگەیەی بە سەرکەوتنەکانی ئەم دواییانەی پارتی کرێکاران لە بەریتانیا و هاوپەیمانی چەپەکانی فەرەنسا، دەگەڕێتەوە، پێویستە لەنیو پارتی کریکاران و بەرەی چەپی فەرەنسا جیاوازی هەیە لەسەری ڕاوەستین، حزبی کریکاران لە بەریتانیا زۆر دەمێکە بۆن و بەرامی چەپی پێوە نەماوە بەرەو ڕاست وەرچەرخاوە و سیاسەتی نیولیبرالیزمیان پەسەندکردوە و بەڵێنی بە کۆمپانیاو بازرگانەکان داوە سودو قازانجی زیاتریان بۆ مسوگەربکات و ژیانی چینی کریکارو خەڵکی کەمدەرامەت لە قەیرانی کەمەرشکیندا ڕاگریت...لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بە قەیرانی تیچوونی ژیان و بڕینی بوجەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان هەژاری و..پارتی کرێکاران وەلامێکی جدی پێنیە، بەلام خەڵکی بەریتانیا بۆ بەرگری لەخۆیان و بەرامبەر بە لێسندنەوەی دەستکەوتەکانیان لەلایەن پارتی پارێزگارانەوە کە ١٤ ساڵە دەسەڵاتی وولاتی بەدەستەوەیە، سزای ئەو حزبەیان داوە. دەنگدانیان بە حزبی کرێکاران تەنها بۆئەوەیە کە نایانەوێ ئەوەی ١٤ ساڵە گیرۆدەی بوون درێژەی هەبێت و بەئومێدی گۆڕانکاریەک، هەرچەندیش بچووک بێت، دەنگیان داوە بە حزبی کرێکاران.

بەرەی جەماوەری نوێ لە فەرەنسا کە لە چەپ و کۆمۆنیست و سەوز(پارتی ژینگە) وکان پێکهاتوە، بەئامانجی ریگریکردن لە گەیشتنی پارتی ڕاسترەو توندەڕەویی ( فاشستی )مارین لۆپێن بەدەسەلات، هاوپەیمانیەکیان پێکهێنا و ئەلتەرنایڤی خۆیان دا و بەڵێنیان داوە کە چاکسازی بکەن لە خانەنشینی و مەسەلەی پەنابەری و کۆچبەرانەوە بگرە تا سنوردان بۆ نرخی کالا سەرەکیەکان... بەمشێوەیە خەڵکی فەرەنسا لەم هەڵبژاردنەدا بەرگریان لە خۆیانکرد و پیشتریش بە دەربرینی نارەزایەتی دژی سەرهەڵدانی فاشیزم و زیادبوونی کورسیەکانی راسترەوە و توندرەوەکان لە پەرلەمانی ئەوروپا، خۆپیشاندانی گەورەیان سازدا.

سەرئەنجام سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانی نوێ لە فەرەنسا هەنگاوێکە، بەلام بەبڕوای من ئەگەر ئەمڕۆ چینی کرێکار خاوەنی حزبێکی کۆمۆنیستی سیاسی پیشرەو لەمەیداندا بوایە، بیتوانیایە لەم جیابوونەوەو و کەلێن و قەیرانەی ڕووبەڕووی حکومەتەکانی ئەوروپا بۆتەوە، لەجەرگەی دۆزەخێک کە بورژوازی سازی کردووە، وەلام بەم بنبەستە بداتەوە، لەریگای هەنگاوی شۆڕشگێرانەوە بۆ چارەسەری دۆخی سیاسی و ئابوری، ئەوا زۆر شت گۆرانی بەسەردا دەهات بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و یەکسانی و بەها یەکسانیخوازەکان و هەڵوەشانەوەی بونیادە سیاسی کۆمەلایەتیەکانی ئەم سیستەمەی کە سەرچاوی کارەسات و ماڵۆیرانیە بۆ کۆمەڵگەی بەشەری.

★

# کار یان بیمەی بێکاری!!

## وەستا مەهدی

کار لە دنیای ئەمرۆدا ڕێگایەکە بۆ پەیداکردنی پارە لەپێناوی درێژەدان بەژیان، ئەمە حوکمی داسەپاوی سیستمی ئابوری جیهانی سەرمایەداریە و هیچ کەسێک زەمانەتی مانەوەی نییە، کاتێک بێکار دەبێت. پێداویستیەکانی ژیان گشتی بە پارە دەست ئەکەوێ.

بەشی هەرەزۆری دانشتوانی گۆی زەوی، بێجگە لە فرۆشتنی هێزی لەشیان بۆکارکردن هیچی تریان نییە. کار شتێکە ئەوەندە پربایەخە دەبێ وێڵ بیت بەدوایدا تا دەستت دەکەوێ! ئیتر هیچ مەسەلە نییە ئەو کارە چەندە گران و نارەحەتیش بێت، کاتێک کرێکارێک کارێکی دەست دەکەوێ، زۆر بەخۆشحاڵیەوە قەبوڵی دەکا و ئەنجامی دەدا! ئێوە بیهێننەبەرچاوتان کەسێک بێکار، دوای گەرانێکی زۆر بەدوای کاردا، لەجێگایەک کارێک پەیدا دەکا لە یەکێک لە دەزگا سەربازیەکان کە دەبێ چەک هەڵگرێ و بچێتە بەرەی شەرەوە لەگەڵ ئەوەی کە دەزانێت کە لەوانەیە بکوژرێت بەڵام گوێ ناداتێ و کارەکە وەردەگرێ! خاوەنی هێزی کار بۆیە سەختترین کاری قەبوڵە، چونکە ژیان و مانەوەی خۆی و خێزان و منداڵەکانی پێوەی بەندە.

بێکاری خواست و بژاردەی هیچ کەسێک نییە، بەڵام بەرهەم و یەکێک لە خاسیەتەکانی سیستمێکی ئابوری و کۆمەڵاتی و سیاسیە کە داسەپێنراوە بەسەر کۆمەڵگای بەشەریدا. بەزەبری ئاسن و ئاگر بەدرێژایی مێژووی کومەڵگەی بۆرجوازی درێژەی بەتەمەنی خۆی داوە. خاوەنداریەتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کالادا هەموو بەرهەمی کاری لەسەر گۆی زەویدا لەدەستی کەمایەتیەکی خاوەن سەرمایەدا قەتیس کردوە و زۆرینەی کۆمەڵگا کە خۆیان بەرهەمهێنەری ئەو بەروبومانەن، دەبێ دوبارە بە پارە لێیان بکرنەوە. ئەگەر پارەیان پێنەبێ ناتوانن دەستیان بەو بەرهەمان بگات کە خۆیان بەرهەمیان هێناون، لەئاکامی کارەکانیانەوە!

بازاری کار لە لایەن ئەم کەمایەتیەوە بەرێوەدەچێت و خاوەنانی کارو سەرمایەش بەقەدەر ئەو قازانج و ئەو کارە هێزی کاریان دەوێ کە بازار پێویستی پێیەتی. هەرکاتیش بزانن کە ئەو هێزی کارەی خراوەتە گەر و کاریان پێدەکەن، قازانجی لێناکەن، دەریان دەکەن و دەیانخەنەوە ناو ریزی بێکارانەوە. ئەمە سیستمێکە بێوچان بەدرێژایی سەدان ساڵ بەرکارە و کاتێکیش کە نارەزایەتی فراوانی خەڵک و بێکاران بەرۆکیان پێدەگرێ، هەزار بروبیانو دەهێننەوە دەیان هۆکار بۆ بێکاری دەخەنەروو. لەکۆتایدا بێکاری بەشێکی دانەبراوی نیزامی سەرمایەداریەو لە لایەن سەرمادارانەوە بەردەوام گوررزێکی حازر بەدەستەو ژیانی دەیان هەزار کەس لەسەر لێواری مەرگ رادەگرێ..

لەعێراقی فیدراڵ لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ وە تائەمرۆ مێژویەکی زۆر دوور نییە، بەڵام سەرباری ئەوەی کەهێشتا دیارنییە ئەم کۆکتێلە لە ئەحزابی بۆرجوازی شانسی مانەوەیان هەیە یان نا، بەڵام لەماوەی ئەم چەندساڵە لەدەسەلاتدا، تەنها ئەو مادە و برگە دەستوریانەیان خستوتەکار کە رێگە بۆ کەڵەکەی سەرمایەکانیان ئاوەڵا دەکات. لەدەستوری عێراقدا، مادەی ٣٠، زۆر بەرۆشنی باسی بێکاری کراوەو وتراوە کە دەوڵەتی عێراق پێویستە بیمەی بێکاری بە گشت ئامادەبوانی بەکار لەهەردوو رەگەزی نێرومێ بدات تا ئەوکاتەی کارێکیان دەست دەکەوێ، بەقەدەر ئەو لانی کەمی کرێیەی حوکمەت بەرەسمی رایگەیاندووە، بەڵام تا ئەم چرکە ساتەش بێکاری نەخراوەتە ناو یاساو رێساکانی وڵات و هیچ باسێک لە بێکاران نییە. ئەمە لەکاتێدایە ساڵانە رێژەی بێکاری روو لەزیادبون دەکاو ئاماژەیەکی ترسناک نیشاندەدا. کەواتە کە دەسەڵات بەهیچ جۆرێک ئاور لەکێشەی بێکاری نەداتەوەو رۆژ بەرۆژ بێکاری ببێتە مایەی سەرگەردانی، هیچ رێگە چارەیەکی تر نییە لەبەردەم بێکاران و خەڵکی نارازیدا تەنها هاتنە مەیدانی بێکاران و کرێکارانی لەسەرکار و جەماوەری نارازیە بۆ خەبات لەدژی بێکاری و بۆ بەدەستهێنانی گشت خواستە رەواکانی خەڵک و ناچارکردنی ئەم دەسەڵاتە بە چارەسەرکردنی کێشە بێکاری یان دانی بیمەی تەسەل بەبێکاران .

٩/٧/٢٠٢٤



**دابینکردنی کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری**

**بۆ هەموو ژنان و پیاوانی ئامادەبەکار لەکوردستان ، ئەرکی حکومەتی هەرێمە!**

# ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:

## دەربارەی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

سەرەنجام دوای کێشمەکێش و بێنەوبەرەی نەبڕاوەی یەکێتی و پارتی لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن و بەلاداخستنی قەید و بەندەکانی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەجۆرێک کە ئەو هەڵبژاردنە بەپێی ویست و بەرژەوەندیان بسازێنێ، سەرۆکی هەرێم ڕۆژی ٢٠/١٠/٢٠٢٤ی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. بێگومان دیاریکردنی ئەم بەروارە دوای تێپەڕکردنی دەورەیەک لە قوڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵ و توندبوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی هاتوەتە کایەوە و ئەوەشی کە ئێستا وەکو لێکتێگەیشتنی حیزبە دەسەڵاتدارەکان سەبارەت بە هەڵبژاردن نیشان دەدرێت، بریتیە لەوەی کە سەردانەکانی نێچیرڤان بەرزانی بۆ بەغدا و تاران و بەندوبەست و ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنە شیعەکان و بەدەستهێنانی پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران، گەیشتوە بە خاوکردنەوەی ئەو فشارانەی خرابونە سەر پارتی و حکومەتەکەی و گێڕانەوەی هەندێک لەو ئیمتیازاتانەی کە پارتی بەهۆی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵەوە لەدەستی دابوو. کە ئاکامەکەی بەوەگەیشت پارتی ڕاسپێردرێت دەست لە هەڵوێستی بایکۆتی هەڵبژاردن هەڵبگرێ و سەرۆکی هەرێمیش ڕۆژێک بۆ هەڵبژاردن دیاری بکات. بەڵام خودی ئەم پرۆسێسە بەڕۆشنی نیشانی دەدات کە ئەوەی ناوی نراوە هەڵبژاردن و دەنگدانی هاوڵاتیان، جگە لەوەی بچوکترین بواری ئیرادەی خەڵکی تیا نییە، تەنانەت بڕیاری کۆتاییەکەی بەتەنها لە دەستی دوو حیزبی دەسەڵاتداریشدا نییە و ئەگەر دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی و پاشکۆکانی لە عێراق ڕازی نەبن، ئەوا بیانەوێ هەڵبژاردن دەکرێ و نەیانەوێ ناکرێ.

هەروەها ئەمانە ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە مەبەستی هەڕەشەکانی پێشوی پارتی بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنێک کە گوایە "پێشوەختە دزاینکراوە"، ئەوەبوو کە هەڵبژاردنێک بێت خودی پارتی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە دیزاینکردنیدا. خودی بایکۆتکردنی پێشوی پارتی و ژێرپێنانی ئەو بەروارەی کەهەر خودی ئەم سەرۆکایەتیەی هەرێم، کە گوایە دەزگایەکی بێلایەنە، مەرسومی بۆ دەرکردبوو، نیشانی دەدات کە ئەو دەزگایە نەک هەر بێلایەن نییە، بەڵکو وەکو هەموو دەزگاکانی تری هەرێم مەقاشی دەستی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە و ئەو بڕیارانە جێبەجێ دەکات کە سەرکردایەتی ئەو حیزبانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان گەڵاڵەیان کردووە. تا ئەو ئاستەی هەرکات دەوڵەتانی زلهێز و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و پاشان یەکێتی یان پارتی نەیانەوێت هەڵبژاردن ناکرێ و هەرکاتێکیش بیانەوێت خۆیان دیزاینی پێشوەختی بۆ دەکەن و ڕۆژەکەی دیاریدەکەن و سەرۆکایەتی هەرێم ڕادەسپێرن مەرسومی بۆ دەرکات! ئەو بەروارەی کە بەپێی مەرسومی سەرۆکایەتی بڕیارە لە ٢٠ ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا ببەسترێت، بە سیناریۆیەکدا تێپەڕیوە کە پارتی یەکەمجار بە مەرسومێک ڕۆژی هەڵبژاردنی دیاریکرد و دوەم جار بە پاساوی دیزاینی پێشوەختە هەڵیوەشاندەوە و سێهەم جاریش بە دزاینی خۆی مەرسومێکی بۆ دەرکردوەوە. ئەم ڕاستیانەش بەسن بۆئەوەی ئاشکرای بکەن ئەوەی لەم هەرێمەدا ناوی نراوە هەڵبژاردن و پەرلەمان تەنها جۆرێکە لە گاڵتەکردن و یاریکردن بە ئیرادە و ڕای گشتی خەڵکی کوردستان، ئەوەشی پێی دەڵێن" دیموکراسی و مافی هەڵبژاردن و پەرلەمان" لە کاریکاتۆرێک زیاتر هیچی تر نیە. لە کۆمەڵگەیەکدا تا حیزبی چەکدار و میلیشیا حوکمڕانی بکات باسی هەڵبژاردنی ئازاد لە پڕوپاگەندە و چەواشەکاری زیاتر هیچ مانایەکی نابێت.

جگە لە حیزبە دەسەڵاتدارەکان، ئەو حیزبە بۆرژوازیانەی دیکەی وەک گۆڕان و ئیسلامیەکان و نەوەی نوێ و لیست و لق و پۆپەکانیان، کە خۆیان وەکو نەیاری پارتی و ئۆپۆزسیۆنی حکومەت هەڵدەخەن، کە بەبێ دەربڕینی هیچ هەڵویست و نارەزایەتییەک، ڕاستەوخۆ پشتیوانی لەو دیزاین و کاتە دەکەن کە پارتی دیاریکردووە و نزا بۆ ئەوە دەکەن هەرچۆنێک بێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەڵگەی ئەوەیە کە هیچیان لەبەرەی خەڵک و مافەکانی خەڵکدا نین، بەڵکو پەلەقاژەی ئەوەیانە لەو سیستەم و چوارچێوەیەی کە پارتی و یەکێتی بۆ هەڵبژاردن سەپاندویانە جێگایەکیان پێ ببڕێت. ملکەچکردنی ئەم لایەنانە بۆ قەیدوبەندەکانی پارتی و یەکێتی و دیزاینێک کە بۆ هەڵبژاردن سەپاندویانە، خەتای ئەوە دەخاتە ئەستۆیان کە خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵک و پەلکێشیان دەکەن بۆ بەشداری لە سیناریۆیەک کە ئەنجامەکەی لە پێشەوە تارادەیەکی زۆر بەرژەوەندی و دەسەڵاتی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی تیا مسۆگەر کراوە. بەشداری ئەم حیزبانە لەم گاڵتەجاڕیەدا تەنها لەپێناوی ئەوەیە کە وەکو پاشکۆی یەکێتی و پارتی یان لە قاڵبی ئۆپۆزیسیۆنی ئەواندا، لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە گەندەڵ و داڕزیوەدا چەند کورسی پەرلەمان یان وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیان پێببڕێت، جا وەکو پاشکۆی دەسەڵات بێت یان لە قاڵبی ئۆپۆزیسیۆندا، بەشێکیان

هەبێت. دەسەلات و سیستمێک کە زیاتر لە سی ساڵە ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دەهارێت.

ڕۆڵی دادگای فیدراڵی و حکومەتی عێراق و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکەی و هەموو ئەو پینەدۆزیە یاساییەی کە گرتیانەبەر تا دڵی پارتی ڕازبێت و بگەڕێتەوە بۆ نێو ئەو یارییەی ناویان ناوە هەڵبژاردن، جێگای سەرنجە و ئەو بۆچونە بەدرۆدەخاتەوە کە گوایە ڕووکردنە بەغدا و ئومێدبەستن بە دادگای فیدراڵ و بڕیارەکانی، دەتوانێ دەستی پارتی و یەکێتی ببەستێت و هەڵبژاردنێکی واقعی بەسەریاندا بسەپێنێ.

هەروەها ئەوەی کە بەرپرسانی ئەمریکا و قونسولیەی ولاتانی ڕۆژئاوا و ڕژێمی ئیسلامی ئێران، گوایە چاودێری دیموکراسی و مافی هەڵبژاردن و دەنگدان دەکەن و بەم جۆرەش دڵنەوایی ئەوە دەدەن کە هەلبژاردنێکی پاک بکرێ و چیتر دوانەخرێت، تەنها ڕیاکاری سیاسی و بەشێکن لە ڕتوشکەرانی ئەم یاریە ناشرینە کە دەیانەوێ خەڵکی کوردستانی تیا بەشدار بکەن.

ئەوەی کە گوایە ئەمجارە بە سەرپەرشتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق هەڵبژاردنێکی بێگەرد ئەنجام دەدرێت، یان ئەوەی گوایە هەڵبژاردن تاکە ڕێگایە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکانی ئێستا و ناکۆکی نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان و بەم جۆرەش ژیان و گوزەرانی خەڵک باشتر دەبێت، نابێ جەماوەری کرێکار و ستەمدیدەی کوردستان فریو بدات. جگە لەوەی کە هێشتا هیچ زەمانەتێک نییە بۆ هەڵنەوەشانەوەی ئەم بەروارە تازەیەش، چونکە فەرمانێک لە دەوڵەتانی زلهێز یان دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە یان بەرژەوەندییەکی دوو حیزبی دەسەڵاتدار یان هەر ئالوگۆڕێکی سیاسی دەتوانێ یاریەکە بەرێتەوە بۆ نوک. تا ئەو جێگایەش کە بە بەرژەوەندیەکانی خەڵک دەگەڕێتەوە، لە ڕێگەی ئەم جۆرە یاریەوە زیندەبەچاڵ دەکرێت نەک مسۆگەر. تەنانەت ئەوەش درۆیەکی شاخدارە کە هەڵبژاردن دەتوانێ بنبەست و گێژاوی قەوارەی هەرێم چارەسەر بکات و کۆتایی بە ناکۆکی کۆنەپەرستانەی حیزبە بۆرژوازیەکان بهێنێت. گێژاوی قەوارەی هەرێم سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکاریەی لەم چەند ساڵەی دوایی بە شکستی سیاسی و میلیتاریزمی ئەمریکا لە ناوچەکە و ئەو ئالوگۆڕانەی بەسەر هاوکێشەی سیاسی و عێراق ناوچەکەدا هاتووە. هەڵبژاردن ئەم دەردە دەرمان ناکات.

خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ئەزمونی زیاتر لە٣٠ ساڵیان لەگەڵ کایەی هەڵبژاردن و سیستمی پەرلەمانی و حکومڕانی دەسەڵاتی چەند حیزبێکی قەومی چەکدار و تالانچیدا هەیە. ئەم ئەزمونە سەدان جار ئەو ڕاستییەی سەلماندوە نەک هەر گۆڕانکاریی ڕیشەیی و ڕزگاری لە جەور و ستەم بگرە تەنانەت گەیشتن بە کەمترین ئاست لە باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک و بەدەستهێنانی خواستەکان، گرێی خواردووە بە خەبات و تێکۆشانی جەماوەری و چۆکدادان بەم دەسەڵاتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بانگەوازی جەماوەری نارازی کوردستان، کرێکاران و زەحمەتکێشان مامۆستایان و فەرمانبەران، ژنان و لاوان و سەرجەم بێبەشان دەکات کە درێژە بە خەبات و نارەزایەتیەکانی تا ئێستای خۆیان بدەن و لە هەوڵی هێنانەمەیدان و بەرینکردنەوەی نارەزایەتیەکان و پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەریە سەربەخۆکانی خۆیان بدەن. ئەمە تەنها ڕێگایە هەم بۆ باشکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی جەماوەری بێبەش و هەم بۆ پێکهێنانی ئالۆگۆڕی ڕیشەیی و بەرپاکردنی سیستمێک کە بە ئیرادەی جەماوەر خەڵک بەڕێوەیبەرێت و باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک ئامانجی بێت. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەم خەباتە تێدەکۆشێت.

١/٧/٢٠٢٤

# عێراق لە پرۆسەی سەردەمێکی نوێدا

## عوسمانی حاجی مارف

بەغدا بەنیازە ئەو کەمپانە دابخات کە بوونە شوێنی نیشتەجێبونی ئاوارەکانی شەڕی داعش، لەهەمانکاتدا لەسەر داوای بەغدا، فەرمانی ڕاگرتنی چالاکیەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریەکانی عێراق (یونامی) دراوە.

لەلایەکی تریشەوە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر، عێراق هەوڵدەدات چالاکیە دیپلۆماسیەکانی خۆی لە ناوچەکەدا ئاسایی بکاتەوە، کە لەم دواییانەدا نێوەندگیری دانوستانەکانی نزیکبونەوەی تورکیا و ڕژێمی سوریای لەخۆگرتبوو.

لە ساڵی ٢٠١٤وە، لەگەڵ ئامادەبونی سەربازی ئەمریکا لە عێراق و سوریادا، کە پەیوەست بوو بە شەڕی داعشەوە، شەڕێکی گەورە یەخەی عێراقی گرت کە گەورەترین وێرانکاری و کوشتاری مرۆیی لێکەوتەوە، عێراق و ناوچەکە کەوتنە دۆخێکی تەواو دژوارەوە.

دوای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی داعش بەسەر هەندێ ناوچەی عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ و کۆتایهێنانی لە سوریا لە ساڵی ٢٠١٩، توانای ئەمنی و دۆخی دارایی بەغدا بەرەو هەڵکشان چوون. حکومەتی بەغدا توانی هێزەکانی باشتر ڕێکخاتەوەو ئیدارەی کەرکوکیان لەژێر دەستی بارزانی و تاڵەبانی دەرهێنا. بە شێوازێک لە چەند لایەنێکەوە نیشاندانی هەنگاوەکانی ئارامی سیاسی گرتەبەر.

بەڵام دەوری ئیسرائیل لە داگیرکاری و وێرانکاری و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی غەززە دوبارە گرژی و نائارامی سیاسی بۆ جارێکی تر ڕووبەڕووی ناوچەکە کردەوە، چونکە پشتیوانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل بووە هۆی نوێبونەوەی هێرشی میلیشیا عێراقیەکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا، لەکاتێکدا کە مشتومڕێکی بەردەوام لە واشنتۆن سەبارەت بە مەرجەکان و مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە. لە لایەکی تریشەوە فشارێکی زۆر هەیە لەلایەن هێزە ئیسلامیە میلیشاکانی عێراق کە سەر بەئێرانن بۆ کردنەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، بۆیە پەرەسەندنی توندوتیژیەکان، بەغدا دەخاتە دۆخێکی مەترسیدار و ناجێگیرەوە، چونکە سودانی لە جێگایەکدا وەستاوە کە هەوڵدەدات هاوپەیمانی خۆی لەگەڵ هەردوو ئەمریکا و ئێران بپارێزێت. لەم بارەیەوە سودانی تا چەند دەتوانێ لەنێو ئەو دۆخەدا هاوسەنگی ڕاگرێت، مەسەلەیەکی جدیە بۆ ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، بەتایبەتی کە لە پەناوە نوری مالکیش هەوڵ ئەدات گەڕانەوەی خۆی وەک سەرۆک کۆماری عێراق بەدەست بهێنێتەوە، بۆیە سەرکەوتن بۆ ساغکردنەوەو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی بەمانای دابیکردنی ئارامی سیاسی بۆ سودانی لەبەردەم ململانێیەکی توندا بەرەو ڕووە.

لە مانگی یەکی ئەمساڵدا، لەلایەک سودانی ڕایگەیاند کە پێویستیان بە هاوپەیمانی نەماوە بۆ دابینکردنی ئاسایشی وولات، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر لەو مانگەشدا ئەمریکا و عێراق لە ڕێگەی لیژنەی باڵای سەربازیەوە دەستیان بە دانوستانی فەرمی کردوە بۆ گۆڕینی ئەرکی هاوپەیمانی بۆ دانانی "هاوبەشیەکی ئەمنی دوولایەنەی هەمیشەیی". هەڵبەتە ئەم جۆرە کارانە بۆ هەردولایان حکومەتی عێراق و ئەمریکا شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە، چونکە هەردوولایان لە هەمانکاتدا ئاماژەیان بە مەسەلەی کەمکردنەوە یان کۆتایهێنان بە ئامادەبونی سەربازی ئەمریکا کردووە لە عێراقدا، کە تائێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها پەرلەمانی عێراقیش هەر لە ساڵی ٢٠٢٠دا دەنگی لەسەر پرۆژە یاساکان داوە کە ئامانجیان دەرکردنی هێزە بیانیەکانە.

هەرچەندە ئەوە ڕۆشنە کە داعش چیتر ناتوانێ وەک هێزێکی داگیرکەر مەترسی بۆ سەر عێراق دروست کاتەوە، بەڵام هێزە ئەمنیەکانی عێراق تەنیا توانایەکی سنووردداریان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکانی ئەم گروپە تیرۆرستیە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کێشەی نێوان بەغداو هەرێمی لەسەرە، هەربۆیە پێویستیان بە پشتیوانی هاوپەیمانان دەبێت لە پلاندانان بۆ ئەرکە سەربازیەکان و دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی و جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی هەواڵگری و... ئەرکە سەرەکییەکانی تر، لەلایەکی ترەوە ئاشکرایە کە گروپەکانی داعش هەوڵدەدەن سوود لە کەلێنەکانی حوکمڕانی هەولێرو بەغدا و دابەشبوونی تائیفی وەرگرن.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی دەربارەی کۆمەک بە کاروباری مرۆیی لەعێراقدا، ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو هەوڵە مرۆیە نێودەوڵەتیانە کەم کراوەتەوە، بۆ نمونە بودجەی دەرەکی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٠ لەسەدا ٩٥ی پێداویستییەکانی هاوکاری بۆ عێراق بەدیهێناوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٢٢دا بۆ ٦٧% دابەزیوە، لەهەمانکاتدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ، دەنگیانداوە کە یونامی ئەرکەکانیان بۆ هەوڵی کۆمەکی مرۆیی لە ساڵی ٢٠٢٥ بۆ عێراق ڕاگرن و کۆتایی پێبهێنن.

ئەمەش ئەو دۆخە دێنێتە پێشەوە کە هاوکاتی بەڕێوەچونی پرۆژە ئابوریەکانی عێراق و دامەزراندنی سەرمایەگوزاری و پرۆسەی ئاراستەی نوێبونەوە بۆ کەڵەکەی زیاتری سەرمایە، تاچەند سودانی لە توانایدا دەبێت لە نێو ئەم ململانێ ناوچەیی و جەنجاڵی و ململانێی لایەنەکانی ناوخۆی عێراق، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی کە سودانی هەوڵئەدات بۆ خۆی پێشڕەوی ئەم پرۆسەی گەشەپێدانە بێت.

ئەوەی پێویستە لەم بارەیەوە جەختی لەسەر بکەین گەر لەکاتێکدا سودانی نەیتوانی ئەم پێشڕەویە بە ئەنجام بگەیەنێت، مانای وەستانی هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی ئەمنیەت بۆ سەرمایەگوزاری و دامەزراندنی پرۆژەکان نابێت، چونکە ئاراستەی پرۆژەی گەشەپێدان لەسەروی سودانیە و لە ڕێرەوە بەرژەوەندی گۆرانی ئایندەی سیاسی و ئابوری عێراقە کە بۆ دەورانێکی تازە حسابی لەسەر دەکرێت .

بەغدا هەوڵیداوە لە نزیکەوە لەگەڵ وولاتانی ناوچەکە، وەک قەتەر و سعودیە و تورکیا کەلەم دواییانەدا ڕۆڵی ئابووری و سیاسییان لە عێراق زیاتر بووە، کاربکات، ساڵی ڕابردوو ڕیاز هاوبەشییەکی سێ ملیار دۆلاری لە کەرتە جیاجیاکاندا ڕاگەیاند بۆ یارمەتیدانی هەمەچەشنکردنی ئابووریی وابەستە بە نەوتی عێراق، هاوکات دۆحە چەند یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ بەغدا لە بواری وزەدا واژۆکرد. هەروەها قەتەر و تورکیا بەشداری لە دروستکردنی "ڕێگای گەشەپێدان" دەکەن، کە پڕۆژەیەکی هێڵی ئاسنین و ڕێگاوبانە و ئامانج لێی بەستنەوەی ئاسیا بە ئەوروپایە.

کاتێک سودانی یەکەم سەردانی خۆی وەک سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ واشنتۆن ئەنجامدا، هەوڵیدا پاڵپشتی بەردەوامی ئەمریکا بۆ گەشەپێدان و گەشەی ئابووری و خۆراگری عێراق مسۆگەر بکات، هاوکات خۆی لە سیناریۆیەک بەدوور دەگرێت کە وڵاتەکەی ببێتە سەنگەرێکی هەمیشەیی نێوان ئەمریکا و ئێران. بەڵام سودانی ئەم بابەتە لەکاتێکدا دەوروژێنێت کە ڕەخنەی دژە ئەمریکی لە عێراق لە لوتکەدایە بەهۆی تێڕوانینی ئەو لایەنانەی کە دژایەتی ئەمریکا بۆ پشتیوانی

هەڵمەتی سەربازی ئیسرائیل لە غەززە دەکەن، بەم مانایە، بڕیارەکەی سودانی بۆ سەردانی واشنتۆن پێش ئەوەی هیچ باسێک بکرێت دەربارەی وەستانی شەڕ لە غەززە، بۆتە جێگای سەرنجی ئەو لایەنانەی دژی ئەمریکان.

سودانی سەرنجی لەسەر ڕاکێشانی کۆمپانیا ئەمریکیەکانە بۆ کەرتی ژێرخانی عێراق و خزمەتگوزاریەکانی عێراق، لەهەمانکاتدا مسۆگەرکردنی بەردەوامی پشتیوانی ئەمریکا بۆ چاکسازیەکانی بانکی و کارەبا، هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان ئەو فشار و ڕاکێشانەدا دروست بکات کە لە تاران و واشنتۆنەوە کێشەی بۆ دروست دەکەن.

سودانی نارەزایەتیشی دەربڕیوە بەرامبەر بە زیادەڕۆیی پەرلەمانی عێراق بۆ دابیکردنی سەرچاوەی پێداویستیەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی کە هاوپەیمانی ئێرانن، چونکە سودانی ئەوە باش دەزانێت کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق بۆخۆیان ئەو توانا سەرەتاییانەیان نیە، لەبەرامبەر ئەو ئیمکاناتە لۆجیستیانەی کە ئەمریکا لەئێستادا دابینی دەکات، وەک پلاندانان و کەرەستەی هێرشی ئاسمانی و سەربازی پێشکەوتوو و ئەزموونی ئامانجگرتن... لەبەر ئەم هۆکارە و هۆکارەکانی تریش سودانی پشتیوانی لە دیدگای کۆمیتەی باڵای سەربازی دەکات، بۆیە بەشێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو مامەڵە لەگەڵ پرسی کەمکردنەوەی بوونی سەربازی ئەمریکا لە عێراق دەکات، نەک لەناکاو لە عێراق بکشێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی فشاری زیاتری لایەنە لایەنگرەکانی ئێران دەبێتەوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیە سیاسیەکەیدا بۆ خێراکردنی ئەم دەرچوونە.

پێدەچێت سودانی هەوڵی ئەوە بدات بیسەلمێنێت کە کۆنترۆڵی میلیشیاکانی هەیە و وردە وردە کاردەکات بۆئەوەی بەتەواوی بیانخاتە ناو دەزگای دەوڵەتەوە. بەڵام پێویستی بەوە دەبێت کە بەکردار پشتگیری بکرێت، بۆ نموونە تەرخانکردنی پشکێکی گەورەتر لە بودجەی ئەمنی عێراق بۆ هێزە ئەمنیەکانی ئاسایی و زیادکردنی شەفافیەتی گرێبەستە دەوڵەتیە قازانج بەخشەکان، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕێگری لە گروپەکانی سەر بە ئێران دەکرێت، لە دەستبەسەردا گرتنیان بەسەر سەرچاوەی زیاتردا.

هەروەها بڕیارە سودانی پابەندبونی حکومەتەکەی بۆ پاراستنی کارمەندانی ئەمریکی پشتڕاست بکاتەوە. ئەمەش بۆ پاراستنی باڵیۆزخانە لە بەغدا و دابینکردنی کەشێکی سەلامەت بۆ ڕاوێژکارە سەربازیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەگرێتەوە.

پێدەچێت سودانی جەخت لەسەر هاوکاری حکومەتەکەی بکاتەوە لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی وزە (بۆ نموونە، تۆتاڵ و جەنەراڵ ئێلیکتریک) و تۆرەکانی وزەی ناوچەیی بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی عێراق بە هاوردەکردنی کارەبا و گازی سروشتی ئێران. جەختی تایبەت لەسەر هاوکاریەکانی لەگەڵ دەستپێشخەریەکانی گەنجینەی ئەمریکا و یەدەگی فیدراڵی ئەمریکا بە ئامانجی چاکسازی لە کەرتی دارایی و کەمکردنەوەی ڕۆیشتنی نایاسایی دۆلار بۆ ئێران دەکرێت.

بەگشتی دەتوانین بڵێن بەهەر بارگرژی و دۆخی نالەباری ئێستای عێراق و ناوچەکە و شەڕی غەززە، سودانی هەوڵئەدات وەک نوێنەری ئەو ئاراستەیەی لە پرۆسەی نوێبونەوەی عێراقدایە بۆ ئەمنیەتی سەرمایەگوزاری دەرکەوێت و خۆی بگونجێنێت، بەڵام توانای بەردەوامی یان بێتوانایی بەردەوامی سودانی لەم ئاراستەیەدا، هۆکاری ڕاگرتنی پرۆسەکە نابێت.

★

# هەڵبژاردنەکانی ئێران و پەیامەکانی!

## نوری بەشیر

جمهوری ئیسلامی ئێران لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆککۆماردا سەختترین دەورانی خۆی بەسەربرد. کێشەکانی خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتدا بەرادەیەکی بەرچاو توندبوونەوە. دەسەڵاتی بۆرژوازی ئیسلامی و سیاسەتی ولایەتی فەقیە ٤٥ ساڵی دەستی لە سەرکوت، ڕاونان، زیندانی، ئەشکەنجە و سێدارە نەپاراستووە. بەرژێمی سەدەهەزار زیندان و سێدارە ناسراوە. دڕندانەترین یاسای دژی ژنان بەڕێوەبردوە و بەرژێمێکی دژە ژن ناسراوە! بەڵام سەربارەی هەموو ئەو وەحشیگەریە نەیتوانی خەڵک بێدەنگ بکات و نارەزایەتیەکانیان خەفە بکات.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرۆکایەتی کۆمار، لەدوای خرۆشانێکی فراوانی جەماوەری دێت کە بە شۆڕسی ژینا ناودەبرێ و تەلاری دەسەڵاتی ئیسلامی لەرزاند! بۆیە سەرباری سەرکوتی وەحشیانەی ئەو خرۆشانە جەماوەریە لەرێگای زیندانیکردنی هەزاران خۆپیشاندەر و کوشتن و لەسێدارەدانی دەیان کەسیان، بەڵام گیانی ئەو نارەزایەتی و بەرەنگاریەی خەڵک لە بایکۆتی گاڵتەجاری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماریدا خۆی بەشێوەیەکی درەخشاند نواند و خەڵکی ئێران "نا" یەکی گەورەیان لە ناوچەوانی ئەو ڕژێمە درندەیە دا! "نا"یەکی گەورە بەدەسەڵاتی ولایەتی فەقیەو سوپای پاسداران و هەموو دەسەڵات و باڵە جیاوازەکانی بۆرژوازی ئیسلامی ئێران، لە ریفۆرمخواز و میانەڕەو و توندڕەویانەوە!

تاقیکردنەوەی ئەمجارەی هەڵبژاردن سەرباری هاتوهاوار و پروپاگەندەی هەموو باڵەکانی بۆرژوازی ئێران و میدیاکانیان بۆ هەڵبژاردن و هاندانی خەڵک بۆ هەڵبژاردن، بەڵام

لەدەوری یەکەمدا لەلایەن خودی ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی ئیسلامیەوە بە ڕێژەی ٤٠٪ ی ژمارەی دەنگدەران ڕاگەیەنرا، ئەگەرچی چاودێرانی سیاسی لە ناوخۆی ئێران و بەشێک لەمیدیای جیهانی، بەکەمتر لە ٣٠٪ مەزەندەیان کرد! ئەوە وایکرد کە سەرانی ڕژێمی ئیسلامی ترسیان لێبنیشێت و خودی خامنەئی لەخەڵک بپاڕێتەوە کە بەشداری هەڵبژردن بکەن، گوایە حکومەت دەبێ خەڵک هەڵیبژێرێت و ئەگەر خەڵک بەشداری نەکەن ئەوا ئەوکارە ناکرێ! سەرەنجام لەجەولەی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا، بە ڕێنمایی علی خامنەیی ڕابەری باڵای ڕژێم، لەنێوان دوو بەربژێری سەرۆککۆماردا، مەسعود پزیشکیان وەک باڵی ڕیفۆرمخواز و سەعید جەلیلی وەک باڵی توندڕەو، لەڕێگای منازەرەی تەلەفزیۆنیەوە هەوڵیان دا کەشوهەوای هەڵبژاردن گەرم بکەن، وا نیشان بدەن کە ئەگەر دەنگ بدرێ بە مەسعود پزیشکیان، ئەگەری ئەوە هەیە کە گۆڕانکاری لەزۆر پرسی گرنگی ژیان و گوزەران و تەنانەت مافە سیاسیەکانی خەڵکدا ڕووبدات، ئەوە سەرەڕای ئەگەری کرانەوە بەڕووی ڕۆژاوا ئەمریکاو ئومێدی کەمکرنەوەی فشارە ئابوریەکان لەسەر خەڵکی ئێران کە بەهۆی گەمارۆی ئابوری ئەمریکاوە، ژیانی خەڵکی ئێرانی بەرەو وێرانی و هەژاری ڕەها بردوە. بەوجۆرە هەوڵیان دا لە جەرگەی توندکردنەوەی پڕوپاگەندەی نێوان باڵی ڕیفۆرمخواز و باڵی توندڕەودا، بتوانن بەشێکی زیاتر لە خەڵک ڕابکێشنە ناو گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکەیانەوە.

ئەوەبوو پزیشکیان ڕەخنەی لە جیاوازی و نایەکسانی نێوان ژیانی بەرپرسانی ڕژێمەکەی و خەڵک دەگرت، باسی نەرمکردنەوەی ڕێگریەکان لەسەر پۆشینی حیجابی زۆرەملێ دەکرد. بۆ نیشاندانی نیازپاکی ڕژێمەکەی و ئاشتکردنەوەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان، پزیشکیانیان ڕەوانەی کوردستان کرد تا بەزمانی کوردی وتاربدات و بۆ جولاندنی هەستی خەڵک بڵێت بژی کوردستان! باسی ئەوەی دەکرد کە دەستی ئاشتی بۆ هەموان دریادەکات، چ لەناو خۆی وولات و چ لەدەرەوە! بەوجۆرە ئەوە نیشان بدات کە ئەگەری شلکردنەوەی کۆتو بەندە سەرکوتگەریەکانی ڕژێم دژ بە خەڵک کەمتر بکاتەوەو تەنانەت دەرگا بۆ گەڕانەوەی نەیارانی سیاسی ڕژێمەکەی بکاتەوە و تاد... بەوجۆرە سەرەنجام، لەتاریکستانی ڕژێمی ئیسلامیدا، توانییان ڕێژەیەکی دیکەی خەڵک بەو ئومێدەی کە بەقەدەر سەردەرزیەک گۆڕانکاری بکرێ و بەشێکی یەجگار کەمیش لەو بەڵێنانە جێبەجێ بکەن، بەشداری پێبکەن! بەتایبەتی کە ئێستا ڕژێمی ئیسلامی پێویستی بەوجۆرە کە پڕوپاگەندە و هەنگاونان هەیە، چونکە ڕژێمەکەی لەوە زیاتر ناتوانێ بەشێوازی کۆن بەرگە بگرێ و ڕوبەڕوی ئەو هەموو قەیرانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و حکومەتیە ببێتەوە.

ئەم باڵانەی جەمهوری ئیسلامی ناکۆکیەکانیان لەسەر ئەوەیە ڕێگاکانیان بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵاتە لەو قەیرانە قوڵەی کەیەخەی بەهەموو دەسەڵاتی بۆرژوازی گرتووە، ئەوەی کە دەیانەوێت خۆشخەیاڵی لەناوخۆی ئێران و ئاستی دنیادا دروستبکەن، بەوەی کە پزیشکیان ڕیفۆرمخوازەو ڕیفۆرم و ئاڵوگوڕ، لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا دەکات، شتێک نیە بێجگە لە ئەرکێکی نوێی ڕابەری باڵای ڕژێمەکەی لە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری ئێستای ئێراندا، کە ئامانجی ڕاگرتن و پاراستنی ڕژێمی ئیسلامی لەدەستی تورەیی و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و لاوان و ژنانی ستەملێکراوو بێمافکراوی ئێران!

گومان لەوەدا نیە کە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ریفۆرمی بنچینەیی کە ژیانی خەڵک باشبکات هەڵناگرێت، ئەوەی پزیشکیان وەک سەرۆککۆمار بەبێ ئاگاداری و ڕێگەپێدانی خامنەیی هیچ ئاڵوگۆڕێک، چەندە بچوکیش بێت ناتوانێت دەستی بۆ ببات، چونکە ئەوەی هەمەکارەیە لە ڕژێمی ئیسلامی ئێراندا، خامنەییە نەک حکومەت و سەرۆک کۆمار. خامنەیی ڕابەری ڕژێمی ئیسلامیە، کە هەموو دەزگاکانی ڕژێم بە حکومەت و سوپای پاسداران و ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندەی نیزام و ..تاد. دەستنیشان دەکات.



ڕژێمی ئیسلامی تووشی قەیرانێکی کەمەرشکێنی ئابوری هاتوە کە نارەزایەتی فراوانی کرێکار و زەحمەتکێشی بەرەوروو کردونەتەوەو ڕۆژانە یەخەی دەسەڵاتەکەیان دەگیرێت لەناوخۆی ئێراندا. پایەی ڕژێمەکەی لەسەر ئاستی ناوخۆ لەسەر بنەمای سەرکوت و کوشتار و زیندانی و سێدارە دامەزراوە، لەسەر بنەمای سەرکوتی هەر جۆرە مافێکی سەرەتایی مرۆڤ دامەزراوە، لەسەر بنەمای سەپاندنی حجابی زۆرە ملێ دامەرزاوە، کە سادەترین کرانەوەو ریفۆرمی سیاسی و ئابوری و کەلتوری و فەرهەنگی، پایەی ڕژێمەیە لەقتر دەکات. لەسەر ئاستی ناوچەکەش دەستی بەچەند هێزی ئیسلامی تیرۆریستی نۆکەری خۆیەوە گرتوە کە بەشێکن لە نائارامی و سەپاندنی ئاژاوەگێری و بێمافی و کۆنەپەرستی لەناوچەکەدا، لەوانە حوسیەکان، فاتمیەکان، میلیشیا چەکدارەکانی عێراق، حزبوڵای لوبنان و تاد. ئەمانە بەشێکن لە پایەکانی ڕاگرتنی دەسەڵاتی ئەم ڕژێمە هارەی ئیسلامی سەرمایە و نفوزی لەناوچەکەدا، بۆیە ناتوانێ دەستبەرداری ئەمانە بێت، بۆئەوەی دەستی ئاشتی و دۆستایەتی بۆ ناوچەکە درێژبکات! هەروەها لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوادا کێشەی چەکی ناوەکی و فشارەکانی گەمارۆی ئابووری ڕوبەڕووە، ئەو فایلەش فایلێکی پێچیدەیەو پێناچێت بەو زووانە بەجێگایەک

بگات کە فشارە ئابورییەکان و گەمارۆی ئەمریکا لەسەر ئێران لابەرێت! هەموو ئەمانە ئەو گرێوگۆڵ و رێگریانەن کەروبەرووی ئەو بانگەشەیەی رژێم دەبێتەوە بۆ کرانەوە درێژکردنی دەستی دۆستایەتی بۆ هەمووان!

بەلام سەرەرای ئەوانەی باسکران، رژێم ناچارە و دەبێت بەدوای ئەم هەڵبژاردنانەدا لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا هەندێ هەنگاوی بە ئاقاری هێورکردنەوەی فشارەکان لەسەر رژێمەکەی هەلگرێت، چونکە بوار بۆئەوە نەماوەتەوە کە رژێم بەوشێوەیەی تائێستا ئەنجامی داوە، درێژە بە دەسەلاتی بدات، بۆیە دەستی بۆ گوایە باڵی ریفۆرمخواز بردوە، تا وەکو رەخنەگرێکی شێوازی حکومرانی پێشوو دەربکەوێ و دەرگایەک بۆ خودی رژێمی ئیسلامی بکاتەوە تا پاشەکشەیەکی شەرمنانە بەرامبەر بە خەڵک بکات.

بەلام ئاستی پاشەکشەی جمهوری ئیسلامی بەدوای هەلبژاردنی ئەمجارەدا، بەندە بە هەموو ئەو نارەزایەتیانەیە کە سەراپای کۆمەڵگای ئێرانی داگیرکردووە، بەتایبەت لە سەروی هەموویانەوە نارەزایەتی کرێکارانی بەشەجۆراجۆرەکانی ئێران و نارەزایەتیەکانی ژنان، کە رۆژانەییەو یەخەی ئەم رژێمەی بەردەوام گرتووە، ئیتر ئەم نارەزایەتیانەیە کە بریاردەدات تا چەندە خامنەیی و رابەری دەسەلات لەئێراندا، بواردەکەنەوە تا پزیشکیان، ئەوەی بۆی دیاریکراوە لە کرانەوە بەرووی هەمواندا جێبەجێ بکات!

تەمووزی ٢٠٢٤

# زیندانێکی گەورە بۆ قوربانیەکان!

## جەمال موحسین



لە راپۆرتێکی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیدا سەبارەت بە توندوتیژی خێزانی دژ بە ژنان لە کوردستان کە لە ٣ ی ئەم مانگەدا بلاویکردۆتەوە، لە زمانی یەکێک لە رزگاربووانی دەستی توندوتیژی خێزانی کە لە شێلتەرەکانی بەناو پارێزگاری سەر بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بووە، وتوویەتی ''شێلتەرەکان زیندانن بەلام قوربانیانی تێدان''. هەر ئەوەندە بەسە بووترێ لەسەر ئەو شێلتەرانەی کە بەناوی پارێزگاریکردنەوە لە ژنان لەلایەن دەسەلاتەوە دانراون. پاشان دێمە سەر هەندێک لایەنی ناو راپۆرتەکەی رێکخراوی ناوبراو.

ئەوەی کە ئەم راپۆرتە ئەیلێت و دانیش بەوەدا ئەنێت کە لە زاری رێکخراوە ناحکومیەکانەوە ئامارەکانی زۆر لەوە زیاترن، هێشتا لەچاو ئەو حەقیقەتەدا هیچ نییە کە ئێمە بە چاوی خۆمان، لە ماڵە دراوسێ، لە ناو خێزانی دوور و نزیک، لە کۆلان و شوێنی کارمان و لە ناو قوتابخانەی منالەکانمان و...هتد بینیومانە کە چۆن بەشێوەیەکی سیستماتیک توندوتیژی لە دژی ژنان (مێیینە) بەرێوەچووە و بەرێوەئەچێ. تاقە باشییەک کە ئەم راپۆرتە هەیبێت ئەوەیە کە دەزگایەکی نێودەوڵەتی جارێکی تر و بەڵگەنامەیەکی تری لەسەر دەسەلاتی دژە ژنی هەرێمی کوردستان جێگیرکردووە. بەلام ئەمە هێشتاش هیچ نییە لەچاو ئەو ئامارە واقعیەی کە لەدوای روخاندنی ئەم دەسەلاتەدا دەست جەماوەری کوردستان ئەکەوێ.

لە دوو توێی ٤٢ لاپەرەی راپۆرتەکەدا زۆر مەسەلە و کێشە کە یەخەی کچان و ژنان ئەگرێ باس کراون. هەر لە کێشەی لێدانی ناو خێزانەوە بگرە، بەشوودانی کچانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی کە لە ژیانی هاوسەرگیریدا لێدان ئەبێتە بەشیان، دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچان لەلایەن برا و باوکەوە یان کەسی نزیکەوە، دەستدرێژی ناو چوارچێوەی هاوسەرگیری، سەرتاشین وەک بەعیبرەتکردنێک و تەنانەت کەیسی گوێبرین، کوشتن بەبیانوی ناموس و شەرەف... تا جۆرێک لە دەستبەسەرکردن و بەستنەوە لە شێلتەرەکانی بەناو پارێزگاریدا و تا تەسلیمکردنەوەی ژنان بە خێزانەکان و پیاوەکان لەژێر ناوی تەعەهودداندا کە بەشێک لەو ژنانە بەماوەیەکی زۆر کەم دوای دەرکردنیان و دانەوەیان بە خێزانەکان کوژراون...

خاڵێکی زۆر گرنگ کە لەوێدا باسکراوە و تەنانەت ناونیشانی راپۆرتەکەش جۆرە جەختێکە لەوە، سزانەدانی تاوانبارانی توندوتیژی دژی ژنان و دیزەبەدەرخۆنەکردنی کێشە و سکالاکان لە دادگاکاندا تا ئاستی رێزگرتن لە پیاوسالاری و دەستگرتن بە ''حەیا و حورمەتی خێزان'' و باوکان و پیاوانی خێزان کە دادوەرەکان بەسەر ژنانی سکالاکاردا ئەیسەپێنن. ئاراستەی راپۆرتەکە روو لەوەیە کە هەرچەندە هەندێک یاسای باشی دژی توندوتیژی لە عێراق و کوردستاندا هەیە، بەلام باش کاری پێناکرێ یان جێبەجێ ناکرێ. رەخنە و سەرنجێک کە لێرەدا هەیە لەسەر ئەو چاوەروانییە نییە کە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە حکومەت و دەسەلاتی کوردستانی هەیە بەوەی کە یاساکان بەهێزتر بکات و بودجەی باش بۆ دەزگاکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان تەرخان بکات و هوشیاری خەلک و کۆمەڵگە بەگشتی بەرزبکاتەوە. رەنگە لەوە زیاتر لە رێکخراوێکی لەم چەشنە چاوەروان نەکرێ.

کرۆکی مەسەلەکە لەوەدایە کە دەسەلات بەرپرسە، ئەویش نەک

بەوەی کە یاساکانی خۆی جێبەجێ ناکات و لێپرسینەوە ناکات و ئیمکانیات ناخاتە بەردەستی دەزگا پەیوەندیدارەکان. دەسەڵات لە بنەڕەتدا دژەژنە، ژنکوژ بووە و ژنئازاری و ڕقبوونەوە لە ژن کۆڵەکە و پایەیەکی دەسەڵاتەکەی بووە لەکاتی هاتنە سەر حوکمیەوە. بەجیا لەوەی کە وەک هەر چینێکی بالادەست و بۆرژوازی بەرژەوەندی لەوەدایە ژنان وەک سوپایەکی جیاکراوە لە چینی کرێکار بکات بەگژی هاوچینەکانی خۆیدا و لەمەش هەرچی زیاتر قازانج کەڵەکە بکات، وەک دەسەڵاتێکی پاتریارکی و دواکەوتوو پایەکی لەسەر کۆنەپەرستی و دژەژن بوون داکوتاوە.

دەسەڵاتی کوردایەتی لە بەرەبەیانی حوکمڕانیەوە تاکو ئێستا لەم زیاد لە ٣٠ ساڵەدا دەسەڵاتێکی ڕەش بووە دژ بە ژنان و مافەکانیان، دژ بە شکۆ و کەسایەتی ژنان. ژنکوشتن بەبیانوی ناموسی لە دامێنی ئەم دەسەڵاتەوە بەمجۆرە فراوانە داکەوت و هەتا زیندووکردنەوە و سەپاندنی جۆرەها بیروڕای کۆنەپەرستانەی دژ بە ژنان و فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری و سوکایەتیکردن بە ژنان کە برەوی پێدراوە، بەشێکی دانەبڕاوە لەم دەسەڵاتە. تەنانەت گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و بوارە پێشکەوتووەکانی تری کۆمەڵگە کراونەتە ڕمێک و نراون بە سنگی شکۆ و مافی ژنانەوە. بەمجۆرە ئەم دەسەڵاتە لایەک لە کۆمەڵگەی نە تەنها لەژێر چەپۆکیدا ڕاگرتووە، بگرە لە تەواوی کۆمەڵگە و مرۆڤە هاوچارەنوسەکانی دابڕاندووە. یان ژنی کردۆتە کائینێکی "بێبەها"، یان سەرچاوەی "فیتنە و بەرەڵایی" و قابیلی لێسەندنەوەی ژیان، یان "بێکەڵک و هیچ لەبارانەبوو" و پەراوێزخراو یان کراونەتە نێچیری سەرمایە تەخشان و پەخشانکراوەکانی بەرپرسان و لە پێشبڕکێی بازاڕە بازرگانیەکانی سوودوەرگرتن لە بەژن و بەدەنی ژناندا ڕیزکراون. هەر بەڕاستی تەواوی کۆمەڵگەی کوردستان کراوەتە زیندانێکی گەورە و خودی قوربانیانی تێدا بەندکراون.

ئەو سیستەمە و ئەو دەسەڵاتە، کە حیزبەکانی کوردایەتی پارێزەری بوون و هەن، توندوتیژی دژی ژنانی کردووە بە نۆرمێکی وا کە کۆمەڵگە ئاسایی و وەک بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگە چاوی لێ بکات. ئەوەی کە بودجە ناخرێتە بەردەستی دامودەزگاکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ئەوەی کە بەشێک لە دادوەرەکان دژی ژنان بڕیارەکان دەرئەکەن، تاوانباران سزا نادەن، ئەوەی کە تەنانەت شێڵتەرەکانی پارێزگاری لە ژنان بوونەتە زیندانێک، ئەوەی کە لەناو خێزان و کۆمەڵگە و قوتابخانە و تەنانەت شوێنی گشتیدا سوکایەتی بە ژنان ئەکرێ و توندوتیژی لە دژیان بەکاردێ، لە یەک وتەدا هەرچی ئەو مەئساتەی ڕووبەڕووی ژنان بۆتەوە بۆ دەسەڵات زەرورەتێک بوون و بەشێکی دانەبڕاون لە فەرهەنگ و پێکهاتەی فیکری ئەم دەسەڵاتە. ئیتر ڕەخنەگرتن لەم مەسەلەیە و هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان و بەگشتی ژێردەستەیی ژنان، بە ئامارداn و چڕنوک لێگرتنێکی وەک ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ناکرێ. خەبات بەرامبەر توندوتیژی دژی ژنان، خەباتێکی سیاسییە دژی دەسەڵات و هەمان ئەو سیستەمەی کە سەرچاوەی ئەو بەڵایەیە.

مەسەلەیەک کە جێی داخ و تێڕامانێکی نەرێنییە ئەوەیە کە لایەک لەم کۆمەڵگەیە ئەم هەموو نەهامەتی و کوشتن و توندوتیژییەی ڕووبەڕووکراوەتەوە، بەڵام تەواوی کۆمەڵگە لاموبالاتە بەرامبەری. عیللەتی ئەسڵیش لەمەدا ئەوەیە کە بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان بەجۆرێک سەرپێی خۆی نەکەوتووە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەی نارەزایەتی هەر ئەو جەماوەرە بێبەش و برسی و هەژارکراوە. بزووتنەوەیەک کە پێویستە ڕوو بنێ لە ژێرەوژوورکردنی سیستەم و دەسەڵاتێک کە پارێزەری چەوسانەوە و هەژاری و ژێردەستەیی زۆرینەی جەماوەرە (بە پیاو و ژنەوە)، هەر لێرەشەوە سوود لە جیاکاری دژ بە ژنان وەرئەگرێ. ئەگەر ئەوە سیستەمێکە پێویستی بەژێردەستەیی و پلەدوویی ژنانە، ئەوا بزووتنەوەی ژنانیش پێویستە ڕووی لە ڕوخانی تەواوی سیستەم و دەسەڵاتە پارێزەرەکەی بێت. ژنانێک کە لە دژی توندوتیژین، ژنانێک کە دژی ئەم ژێردەستەییەن و چاویان لە یەکسانی بڕیوە و دەرکی ئەوە ئەکەن کە ئەمەش وابەستەیە بە گۆڕینی ئەم دەسەڵات و سیستەمەوە، پێویست ئەکات یەکدەست و ڕێکخراو و یەکگرتوو بن لە ڕێکخراوێکدا کە خۆی بە بەشێک لە خەباتی تەواوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش ئەزانێ کە لە هەوڵی وەلانانی ئەم دەسەڵاتەدایە.

(* ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بە زمانی ئینگلیزی لەم لینکەدا: https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/8162/2024/en/ )

**لە بەرنامەی "دنیای باشتر"، بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە:**

**خودی ستەمکێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگا کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ. ئەو نیزامەی کە وەکو فاکتەرێکی گرنگی ئابووری و سیاسی دەڕوانێتە دابەشبوونی ڕەگەزی ئینسانەکان لەمەیدانی بەرهەمهێناندا بۆ زامنکردنی قازانجی سەرمایە!**